ص:125- 143

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# کوشتنی ئامانجدار لە ژێر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا

ڕێبوار جبار شێخە[1]، رحمان علی سليمی[2]

[1,2] فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان، بەشی یاسا، زانکۆی کۆیە، هەولێر،عێراق

Email: rebwar. jabbar @koyauniversity.org[1], rahman.0222567 @gmail.com[2]

**پوختە:**

لەگەڵ زیادبوونی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان، هۆکارەکان و شێوازەکانی جەنگەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا هات، بە شێوازێک لایەنەکانی ناکۆکی هەوڵدەدەن پەنا بۆ نوێترین شێوازی جەنگ ببەن بە مەبەستی لەناوبردنی نەیارانیان.

کوشتنی ئامانجدار وەک یەکێک لە نوێترین شێوازەکانی جەنگ لە ئێستادا بە شێوەیەکی فراوان پشتی پێ دەبەسترێت لە ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکاندا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و بە ئامانج گرتنی کەسانێک لە ژێر بیانووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی کات ئەنجامدانی ئەو پرۆسانە لەناو سنوری دەوڵەتانیتر ئەنجام دەدرێن هەروەها هەندێک جار کەسانی سڤیل لەم پرۆسانەدا دەبنە قوربانی، هەر بۆیە مشتومڕی زۆر لە سەر پرس یاسایی بوونی ئەم پرۆسانە لە نێوان یاساناسان و توێژەراندا هاتۆتە ئاراوە بە جۆرێک کە بەشێکیان داکۆکی لێدەکەن و بەشێکیتر دژی دەوەستنەوە و بە پێشێلی سەروەری دەوڵەتان و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆڤایەتی دایدەنێن.

ئەوەی زیاتر ئەم پرسەی ئاڵۆز کردوەو پانتایی جیاوازی نێوان یاساناسان و توێژەرانی فراوانتر کردوە نەبوونی بنەمای یاسایی پەیوەست بەم بوارەیە کە چوارچێوەی یاسایی ئەم پرسە ڕێک بخات. بێگومان زیادبوونی دیاردەی پەنابردن بۆ کوشتنی ئامانجدارو نەبوونی بنەمای یاسایی بۆ ڕێکخستنی پێویستی بە هەڵوەستە کردنە و ناکرێت ئەم پرسە لە بۆشایی و کەلێنی یاساییدا بمێنێتەوە.

**کلیلەوشە:** کوشتنی ئامانجدار، بنەماکانی سەروەری، یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

**الملخص:**

مع تصاعد الصراعات الدولية وتزامنا معها، تغيرت أشكال الحروب وأساليبها، حيث تحاول أطراف النزاع اللجوء إلى أحدث تكنولوجيا الحرب من أجل القضاء على خصومها.

ويعد القتل المستهدف أحد أحدث أساليب الحرب الحديثة يتم اللجوء اليه في الوقت الراهن على نطاق واسع في النزاعات المسلحة الدولية، وذلك من خلال استخدام الطائرات بدون طيار واستهداف الخصوم تحت حجة مكافحة الإرهاب، ولكن بما أن هذه العمليات غالبا ما تتم داخل حدود دول أخرى، فإن المدنيين في بعض الأحيان يصبحون ضحية تلك العمليات، لذلك ثار الجدل الكبير بشأن قانونية تلك العمليات بين الفقهاء والباحثين، فمنهم من يدافع عنها والبعض الآخر يعارضها ويعتبرها انتهاكا لسيادة الدول ومبادئ القانون الدولي الإنساني.

ومما جعل هذه المسألة أكثر تعقيدا واتسع الفجوة بين الفقهاء والباحثين هو عدم وجود قواعد قانونية تنظم الإطار القانوني لهذه المسألة. ومما لا شك فيه أن تصاعد ظاهرة اللجوء إلى القتل المستهدف وعدم وجود أساس قانوني لتنظيمه محل النظر ويحتاج الى البحث والدراسة، ولا يمكن ترك هذا الموضوع في فراغ قانوني، بل لابد من وجود معايير وشروط وقواعد تنظم اللجوء اليه.

**الكلمات المفتاحية:** القتل المستهدف، مباديء السيادة، القانون الدولي الإنساني، القانون الدولي لحقوق الإنسان.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7



Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**Abstract:**

With the rise of international conflicts, the reasons for and techniques of war have shifted, with conflict parties attempting to eliminate their adversaries using the most recent form of warfare. Targeted killing, as one of the most recent forms of warfare, is now widely used in international conflicts, with the use of drones and targeting individuals under the guise of fighting terrorism, but because these processes are frequently carried out within the borders of other countries, civilians are occasionally victims. Some of them defend it, while others oppose it, claiming that it violates the sovereignty of the countries and the principles of international human law. The lack of a legal foundation in this area that controls the regulatory structure of this issue has further complicated this issue and extended the gap between lawyers and researchers. Without a doubt, the rise of the phenomenon of targeted killings, as well as the lack of a legal basis for organizing, must be stopped, and this issue cannot be left in a legal vacuum.

**Keywords:** Targeted Killing, Sovereignty Principles, International Humanitarian Law, International Human Rights Law.

## پێشەکی

### یەکەم: باسێکی کورتی بابەتی توێژینەوە

ململانێ و پێکدادانە هاوچەرخەکان لە نێوان دەوڵەتان و هەروەها دەوڵەتان و گروپە چەکدارییەکاندا کۆمەڵێک تاکتیکی سەربازیی نوێی هێناوەتە ئاراوە، یەکێک لەو تاکتیکە نوێیانە بریتیە لە کوشتنی ئامانج دیاریکراو- کوشتنی ئامانجدار-، کە دەستەواژەیەکی نوێیە کە بە تایبەت لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەر بۆ سەر دامەزراوەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی هاتۆتە ناو ململانێ نێودەوڵەتییەکانەوە. کوشتنی ئامانجدار وەک دیاردەیەکی نوێ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە خێرایی پەرەی سەندوە، لە ئێستادا ئامرازی سەرەکیی دەوڵەتانە وەک هۆکارێک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لە چەندین وڵات ئەنجام دەدرێت وەک پاکستان و یەمەن و عێراق وفەلەستین لە ژێر بیانووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر یان وەک ڕێگایەک بۆ لەناو بردنی نەیارانی دەوڵەت، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەوەی کوشتنی ئامانجدار لە کاتی ئاشتی و لە کاتی جەنگیشدا ئەنجام دەدرێت، بۆیە لەگەڵ گرفتی پێشێلی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بە لقە جیاوازەکانیەوە ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

### دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر شەرعیەتی پەنابردن بۆ شێوازی کوشتنی ئامانجدارە لە ژێر بیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر یاخود بەرگری کردن لەخۆ لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی بە گشتی و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بو تایبەتی، لە ڕێگەی ئەگەری دژوەستانی ئەم پرسە لەگەڵ بنەماکانی پەیوەست بە سەروەری دەوڵەتان و بنەماکانی جیاکاری و گونجان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی مرییدا.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمانە ڕووە یاساییەکەی ئەم پرسە تاوتوێ بکەین و تیشک بخەینە سەر ئەوەی تاچەند ئەم بابەتە دژە لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی.

### سێهەم: ئاریشەی توێژینەوەکە

پرسی پەنابردن بۆ کوشتنی ئامانجدار سەرنج و ئاریشەی هەمەجۆر هەڵدەگرێت بەتایبەت لە زۆربوونی دیاردەی پەنابردن بۆ ئەم پرۆسەیە و هاوکات نەبوونی چوارچێوەی یاسایی و دابەش بوونی توێژەر و یاساناسان لەنێوان لایەنگر و نەیارانی هنابردن بۆ ئۆپەڕاسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجدار. بۆیە ئاریشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە شەرعیەتی پەنابردن بۆ کوشتنی ئامانجدار و ورووژاندنی چەندین پرسی پەیوەست بەم بوارە لە گرینگترینیان:

- مەبەست لە کوشتنی ئامانجدار چیە و ئایا دەکرێت لە چوارچێوەیەکی یاساییدا بگونجێنرێت؟
- هەڵوێستی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بە سەرجەم لقەکانی پەیوەست بەم پرسە چین؟
- بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لە پرۆسەکانی کوشتنی ئامانجدار چیە؟

لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسانە هەوڵی بەرجەستە کردن و شیکردنەوەی ئاریشەی سەرەکی توێژینەوەکە دەدەین و تیشک دەخەینە سەر لایەنە شاراوەکانی ئەم پرسە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**چوارەم: ڕێبازی توێژینەوەکە**

پێداویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە وادەخوازێت کەوا پشت بەڕێبازی شیکاری ببەستین، لە ڕێگەی باس کردنی واتای کوشتنی ئامانجدار و شێوازەکانی، هەروەها شیکردنەوە و گونجاندنی لەگەڵ هەر بنەمایەکی یاسایی نێودەوڵەتی پەیوەست بەم پرسە.

**چوارەم: پلانی توێژینەوەکە**

سروشتی توێژەنەوەکە و ئەو ناونیشانەی لە خۆی دەگرێت و هەروەها ئەو ئاریشەیەی لە خۆی دەگرێت وا دەخوازێت کەوا توێژینەوەکە بەسەر دوو باسدا دابەش بکەین، لە باسی یەکەمدا واتای کوشتنی ئامانجدار و شێوازەکانی ئەنجامدانی شیدەکەینەوە لە باسی دووهەمدا چوارچێوەی یاسایی کوشتنی ئامانجدار لەژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا دەخەینە ڕوو.

**باسی یەکەم: واتای کوشتنی ئامانجدار و شێوازەکانی ئەنجامدانی**

هەرچەندە دیاردەی کوشتنی ئامانجدار بە درێژایی مێژوو بە شێوەی جیاواز و بە سوود وەرگرتن لە ئامرازی جیاواز بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی ئەنجام دراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کوشتنی ئامانجدار دەستەواژەیەکی نوێیە کە زیاتر لەدوای زەقبوونەوە و دەرکەوتنی هەڕەشەکانی تیرۆریزم لە ئاستی نێودەوڵەیدا هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی یاسای نێودەوڵەتی و بە تایبەت یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، کە بۆتە هۆی دروستبوونی مشتومڕی زۆر لەسەر پرسی یاسایی بوونی ئەنجامدانی ئەم پرۆسانە لە چوارچێوەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیدا.

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر واتای کوشتنی ئامانجدار و هەروەها شێوازەکانی ئەنجامدانی لە چوارچێوەی دوو داواکاریدا باس دەکەین.

**داواکاری یەکەم: واتای کوشتنی ئامانجدار**

کوشتنی ئامانجدار وەک چەمکێکی یاسایی نوێ سەرەڕای ئەوەی لە هیچ بەڵگەنامەیەکی یاسایی یان ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیدا یاسامەند نەکراوە تاڕادەیەکی زۆر لە بۆشاییەکی یاساییدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەلایەن پسپۆڕانی یاسای نێودەوڵەتییەوە کۆمەڵێک هەوڵ دراوە بۆ گەیشتن بە پێناسەی ئەو چەمکە وەک هەنگاوێکی پێویست بۆ یاسامەند کردنی.

لەو داواکارییەدا کە بەسەر دوو لقدا دابەش کراوە، لە لقی یەکەمدا پێناسە بەردەستەکانی کوشتنی ئامانجدار دەخەینە ڕوو و لە لقی دووهەمدا باس لە پێشینەی مێژوویی کوشتنی ئامانجدار دەکەین.

**لقی یەکەم: پێناسەی کوشتنی ئامانجدار**

هەروەک ئاماژەمان پێکرد کوشتنی ئامانجدار (Targeted Killing) تا ئێستا لە چوارچێوەیەکی یاسایی دیاریکراودا ڕێکنەخراوە. بە مانایەکی‌تر ئەو دەستەواژەیە پێناسەی یاسایی نییە لە هیچکام لە بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا.

بۆ یەکەم جار ئەم پرۆسەیە لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٠ لە لایەن سوپای ئیسرائیلەوە بەکار هاتوە کە بۆ کوشتنی ئەو فەلەستینیانەی لە سەرزەوییە فەلەستینییەکانەوە هێرشیان دژ بە ئیسرائیل ئەنجامداوە(العبيدي، 2014: ٣٢٢). هەروەها ئەو چەمکە زیاتر لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئامانجی جەنگی دژی تیرۆر بەرامبەر گرووپەکان و شەرکەرە نایاساییەکان هاتۆتە ئاراوە. بە پێی زۆربەی ئەو پێناسانەی لەلایەن توێژەر و شارەزا یاساییەکان لەبەر دەستمانن، کوشتنی ئامانجدار لەلایەن دامەزراوە سەربازییە فەرمییەکانی وڵاتەوە ئەنجام دەدرێت، ئەوەش وایکردوە لە ناوەڕۆکی پێناسەکاندا بتوانین بەدوای پاساوەکانی یاسایی بوونی ئەو ڕێکارە سەربازییەدا بگەڕێین(اخوان فرد و ابراهيمى، 1399: 28).

ناوەڕۆکی زاراوەی کوشتنی ئامانجدار بریتیە لەوەی هێزە چەکدارەکانی وڵاتێک کەسانی تایبەت دەکەنە ئامانج کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان کردوە لە هێرش بۆ سەر ئەو وڵاتە. لە لایەکی دیکەوە هەندێک لە شارەزایان، دەستەواژەی لیستی کوشتار لەبری کوشتنی ئامانجدار بەکار دێنن. لیستی کوشتار بریتییە لەوەی ژمارەیەک لە تاکەکان بەپێی ڕاپۆرتە ئەمنی و هەواڵگرییەکان دەخرێنە ناو لیستێکەوە بۆ لەناو بردنی جەستەیی. ئەو وڵاتانەی کە پەنا بۆ ئەو ئۆپەڕاسیۆنانە دەبەن پشت بە پرەنسیپی (مافی بەدواداچوون - حق التعقيب) دەبەستن، کە ڕایان وایە هەر وڵاتێک مافی ئەوەی هەیە ئەندامانی ئەو گرووپە چەکدارانەی کە دژی ئەو دەوڵەتە بەشدارییان لە ئۆپەڕاسیۆنەکاندا کردوە یان چاودێری ئۆپەڕاسیۆنەکانیان کردوە، بە ئامانج بگرێت(سعيد، 2020: ٣٤٦-٣٤٧).

(فلیپ ئەلستون) نێردەی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بە لەسێدارەدانی دەرەوەی یاسا، بەو شێوەیە کوشتنی ئامانجداری پێناسە کردوە کە: "بریتیە لە بەکارهێنانی هێزی کوشندەی بە ئەنقەست بە شێوەی مەبەستدار و پلان بۆ داڕێژراو لە لایەن دەوڵەتان یان ئۆرگانە پەیوەندیدارەکانیان دژی کەسانێك کە ناسراون و لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەدا نەکەوتوونەتە بەر دەستی ئەنجامدەرانی سیاسەتی کوشتنی ئامانجدار". خاڵێکی گرنگ لەو پێناسەیەدا بریتییە لەوەی ئەو کەس یان کەسانەی دەکرێنە ئامانجی کوشتنی ئامانجدار، نەکەوتوونەتە بەردەستی ئەنجامدەرانی ئەو سیاسەتە، کە ئەوەش یەکێکە لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان کوشتنی ئامانجدار و لەسێدارەدانی دەرەوەی یاسا (لسانى و منفرد، ١٣٩٦: ٢٤٦-٢٤٧).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لە پێناسەیەکی‌تردا کوشتنی ئامانجدار بەو شێوەیە پێناسە کراوە: "کردارێکی هێرش بردنی کوشندەیە کە ئاراستەی کەسێک یان کۆمەڵەکەسێک دەکرێت کە مەرج نییە جەنگاوەر بن و دەوڵەتی هێرشبەر بە مەترسیی گەورەیان بزانێت لەسەر خۆی بە هۆی کار و چالاکییەکانیانەوە، و بڕیاری کوشتنیان دەدات تەنانەت ئەگەر تێوەنەگلابن لە هیچ کردارێکی دوژمنکارانە بە دژی ئەو دەوڵەتە"(البقور، 2018: ٣٤٧).

لە پێناسەیەکی تردا کوشتنی ئامانجدار بریتییە لە :"بەکارهێنانی هێزی کوشندە لە حاڵەتی دیاریکراودا لە کاتی ئاشتی یان لە کاتی جەنگدا بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت یان بەدیهێنانی دەسکەوتێکی سەربازی لە ڕێگای بە ئامانج گرتنی کەسانی پەیوەندیدار لەسەر بنەمای زانیاریی هەواڵگریی بڕواپێکراو"(جميل و الجنابي، 2020: 32).

هەروەها کوشتنی ئامانجدار پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە لە: "چالاکیی سەربازی کە مەبەست لێی بەکارهێنانی هێزی کوشندەیە بە مەبەستی کوشتنی کەسانی دیاریکراو بە شێوەی تاکەکەس کە لەبەردەستی ئەوانە دانین کە دەیانکەنە ئامانج"(جميل و الجنابي، ٢٠٢٠: ٥٥).

بە پێی زۆربەی ئەو پێناسانەی کە بۆ کوشتنی ئامانجدار کراون و ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد، لە کوشتنی ئامانجداردا هێزی سەربازیی کوشندە بەکار دێت بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی ئامرازی کوشتنەکە چی بێت، گرنگ ئەوەیە ببێتە هۆی مردن وکوشتنەکە بەپێی پلانی پێشوەختەو بەئەنقەست بێت، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕای جیاواز لەسەر ئەو بابەتە هەیەو ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە تا ئێستا ئەو چەمکە نەچۆتە ناو پێناسەیەکی یاساییەوە کە کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی لەسەر بێت، واتە هیچ دەقێکی یاساییمان نییە کە پێناسەی کوشتنی ئامانجداری کردبێت و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شی کردبێتەوە. هەرچەند دەبێت ئەوەش بڵێین جیاوازیی گەورە و جەوهەری لە پێناسەکان دا نابینرێن، بەڵکوو جیاوازییەکە لە یاسایی بوون یان نایاسایی بوونی ئەو ڕێکارەیە لە دۆخە جیاوازەکاندا، کە بۆتە مایەی دروستبوونی مشتومڕێکی فراوان چ لە بواری یاسایی و تەنانەت لە بواری سیاسیدا. بەڕای ئێمە ئەوەی لە پێناسەی کوشتنی ئامانجداردا گرنگە، گەڕانەوەیە بۆ پێناسەی تیرۆر و ساغبوونەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر شێوازی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەویش بە هۆی ئەوەی کوشتنی ئامانجدار خۆی لە چوارچێوەی جەنگی دژی تیرۆردا دەبینێتەوە و تا ئەو کاتەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەتوانێت لەسەر ئاراستەیەک بۆ پێناسەی تیرۆر ساغ بێتەوە، ناتوانرێت کوشتنی ئامانجدار بخرێتە چوارچێوەیەکی یاساییەوە.

لەکۆتاییدا دەتوانین پێناسەی کوشتنی ئامانجدار بکەین کە وا: "بەکارهێنانی هێزی کوشندەیە لە لایەن دەوڵەتێک دژی کەس یان کەسانی دیاریکراو بە ئامرازی جیاواز، کە زۆربەی کات لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتێکی‌تردا بە ئامانج دەگیرێن، ئەم بەکارهێنانی هێزە لە ژێر بیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتەکە جۆرێک لە ڕەوایەتی بدات بە کردەوەکەی و خۆی بەدوور بگرێت لە هەڵوێستی نەرێنی دەوڵەتانی‌تر، بەتایبەت ئەو دەوڵەتەی کە ئۆپەڕاسیۆنەکە لە هەرێمەکەی‌دا ئەنجام دراوە".

**لقی دووەهەم: پێشینەی مێژوویی کوشتنی ئامانجدار**

کاتێک باس لە مێژووی کوشتنی ئامانجدار و گەڕانەوە بۆ نموونەکانی ئەو شێوازە لە کوشتن لە ڕابردوودا دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێک لە توێژەران و نووسەرانی یاسایی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دوو چەمکی تیرۆر و کوشتنی ئامانجداردا ناکەن. ئەو تێکەڵاوییە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کوشتنی ئامانجدار وەک چەمک لە سەرەتای سەدەی ٢١ەوە هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و یاساییەوە.

لەڕووی مێژووییەوە کوشتنی نەیار یان کەسی دیار و خاوەن پێگەی دیار، ڕێگەیەکی باو بووە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پێگەی سیاسی، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتە کۆنەکان و یەک لە پێویستییەکانی ژیانی هۆزایەتی بووە لە سەرانسەری جیهاندا. ئەو شێوازە لە کوشتن لە کۆندا کارێکی قەبووڵکراو بووە، بەڵام بەدوای سەرهەڵدانی ڕەوتە فکرییە مرۆڤـتەوەرەکان(هیومانیستییەکان) و سەقامگیربوونی چەمکی دەوڵەت-نەتەوە دوابەدوای بەستنی پەیماننامەی ویستفالیا لە ساڵی 1648ی زایینی، ڕەواییەتی ئەو کردەوەیە دابەزی بۆ تەنیا کاتی جەنگەکان و ئەو کەسانەی چەکدار بوون و لە جەنگەکاندا بەشدار بوون(تبریزی، ١٣٩٨: 16).

دیاردەی کوشتنی ئامانجدار بەدرێژایی مێژوو بە شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە، لە سەرەتادا کەڵک لە ئامێری کۆن وەک ژەهر و تەقینەوە وەرگیراوە، بەڵام پێشتر زیاتر بەشێوەی نهێنی ئەنجام دەدرا، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەنجامدەرەکانی بەو شێوەیە هەوڵیان دەدا خۆ بدزنەوە لە نارەزایی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. هەروەها کەڵک لە ئامراز و شێوازی جیاواز وەردەگیرێت کە تێیدا تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو وەک فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوان و مووشەکی ئاراستەکراو لە ڕێگای مانگی دەستکرد و هەروەها بۆمبی ئاراستەکراو لە فڕۆکەوە بەکار دەهێنرێت(البصیصی، 2014 :139).

لە مێژووی مۆدێرندا کە بە لەدایکبوونی چەمکی دەوڵەت-نەتەوە دەستی پێکردوەو بە دوو قۆناغی پێش جەنگی جیهانی دووەهەم و پاش جەنگی جیهانیی دووەهەم (سەردەمی جەنگی سارد) دابەش دەکرێت و بە تایبەت بەدوای گۆڕانکاری لە چەمکی حوکمڕانی، بەرەنگاربوونەوەی سیاسی یان بە واتایەکی‌تر لەناوبردنی نەیاری سیاسی گەشەیەکی خێرای کرد، بەشێوەیەك کە لە ماوەی 200

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ساڵدا تەنیا لە ڕوسیا 5 ئیمپراتۆر تیرۆر کران، هەروەها لە ئەمریکا جگە لە ئابراهام لینکۆلن، سێ سەرۆکی تر تیرۆر کران(سرتیپی و بردبار و موسیزاده، 1391: 42).

ستراتیژی کوشتنی ئامانجدار(وەک ئەوەی ئێستا لە ئەدەبیاتی یاسای نێودەوڵەتیدا ناسراوەو باسی لێوە دەکرێت) یەکەم جار لە لایەن ئیسرائیل دژی فەلەستینییەکان لە کاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی دووهەم[1] لە ساڵی ٢٠٠٠ بەکار هات. دواتر ئەو دەستەواژەیە لە کۆمەڵێک هێرشی دیکەدا کەڵکی لێوەرگیرا وەک:

- کوشتنی ئامانجداری (عمر بن خطاب) لە ساڵی ٢٠٠٢ لە چیچان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕووسیاوە.
- کوشتنی ئامانجداری ڕێبەری قاعیدە (سلیم سینان الهارتی) و ٥ کەس لە هاوڕێیانی لە ساڵی ٢٠٠٢ لە یەمەن لەڕێگای فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی دامەزراوەی **CIA** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
- کوشتنی ئامانجدار لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٥-٢٠٠٨ لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی سریلانکا و گرووپی بەورەکانی تامیل (**LTTE**) دژی کەسانێک کە هەرکام لە لایەنەکان بە سیخوڕ دژی خۆیان دەزانین.
- کوشتنی ئامانجداری (محمود المحبوح) ڕێبەری گرووپی حماس لە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن هێزە هەواڵگرییەکانی سەر بە موسادی ئیسرائیل(لسانی و منفرد، ١٣٩٦: ٢٤٧-٢٤٨).

بە سەرنجدان لە بەکارهێنانی ڕێکاری کوشتنی ئامانجدار لە ڕابردوودا کە ئاماژەمان پێکرد، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئامرازی سەرەکی بۆ جێبەجێ کردنی ئۆپەڕاسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجدار، بریتییە لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە هاوکات لە ئەنجامی جەنگی دژ بە تیرۆردا گەشەی کردوە. هەر بۆیە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بە کوشتنی ئامانجدار ئەنجام دراون جەختیان لەسەر فڕۆکەی بێفڕکەوان کردۆتەوە وەک ئامرازی سەرەکی لە ئۆپەڕاسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجداردا.

دیارە کوشتنی ئامانجدار وەک هەر دیاردەیەکیتر لە ڕەوتی مێژووی خۆیدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، ئەو گۆڕانکارییەش زۆر لایەنی گرتۆتەوە وەک ئامانجی پەنابردن بۆ ئەو ڕێکارە، ئەو ئامراز و تەکنیکانەی کەڵکیان لێوەردەگیرێت بۆ کوشتنی کەس یان کەسانی دەستنیشانکراو و هەروەها ڕێژەی هەستیاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و سەرەنجام یاسای نێودەوڵەتی لەسەر ئەو بابەتە. ناوەڕۆکی کوشتنی ئامانجدار لە ئێستادا جیاوازییەکی تەواوی هەیە وەک ئەوەی لە ڕابردوودا باس دەکرێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە جوگرافیایەکی فراوانی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی جەنگی دژ بە تیرۆردا بۆتە گۆڕەپانی ئەو هێرشانەی لە ژێر ناوی کوشتنی ئامانجداردا ئەنجام دەدرێن.

**داواکاری دووهەم: شێوەکانی کوشتنی ئامانجدار**

کوشتنی ئامانجدار یان لە سەردەمی ئاشتیدا ئەنجام دەدرێت یان لە کاتی جەنگدا، واتە کاتێک کە ململانێیەکی چەکداریی نێودەوڵەتی یان نێوخۆیی لە ئارادا بێت. لێرەدا بەپێی ڕای یاساناسان جیاوازی هەیە لەسەر جێبەجێ بوونی یاساکان لە حاڵەتەکانی ئاشتی و جەنگدا. بەشێوەیەک کە ئەگەر کوشتنی ئامانجدار لە کاتی ئاشتیدا ڕوویدات بەڕای زۆربەی شارەزایان، یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤی لەسەر جێبەجێ دەبێت، ئەگەریش لە سەردەمی جەنگدا بێت ئەوا بە پلەی یەکەم یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و لە پەنای ئەوەشدا یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤی لەسەر جێبەجێ دەبێت.

لەو داواکارییەدا و لە دوو لقدا ئەو باسە تاوتوێ دەکەین و لە لقی یەکەمدا کوشتنی ئامانجدار لە سەردەمی ئاشتیدا و لە لقی دووهەمدا کوشتنی ئامانجدار لە سەردەمی جەنگدا دەخەینەڕوو.

**لقی یەکەم: کوشتنی ئامانجدار لە سەردەمی ئاشتیدا**

کاتێک باس لە کوشتنی ئامانجدار لە سەردەمی ئاشتیدا دەکەین واتە لە دەرەوەی چوارچێوەی هەر ململانێیەکی چەکدارانەی نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی ڕوویدات، کەواتە دەوڵەتان لە سەریانە لەو حاڵەتەدا پابەند بن بە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ. کوشتنی ئامانجدار لە سەردەمی ئاشتیدا پێشێلکاریی ئاشکرای گرنگترین مافە سروشتییەکانی مرۆڤە وەک مافی ژیان، کە هەندێک لە توێژەران بە کوشتن لە دەرەوەی دادگا(نادادپەروەرانە) ئەژماری دەکەن(جمیل و الجنابي، 2020: ٣٥).

جگە لە کاتی جەنگ کە یاسای جەنگ جێبەجێ دەکرێت، لە هەر دۆخێکیتردا یاسای مافی مرۆڤ حوکمی دۆخەکە دەکات. یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ تەنیا کاتێک ڕێگە بە بەکارهێنانی هێز دەدات کە ڕاستەوخۆ بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤەکان پێویست بێت، کەواتە کاتێک هێرش بۆ سەر ئامانج ببێتە هۆی دروستکردنی مەترسی لەسەر گیانی کەسانی بێ تاوان، بەکارهێنانی هێز ڕێگەپێدراو نییە(امینە و ظریف، ١٣٩١: ٩).

نموونەی زۆرمان هەیە لە ئۆپەڕاسیۆنی کوشتنی ئامانجدار لە ڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کە لە سەردەمی ئاشتیدا ئەنجام دراون. بە نموونە لە یەمەن لە ئۆپەڕاسیۆنی کوشتنی ئامانجدار بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە ساڵی ٢٠٠٢ کە تیایدا ٦ کەس کووژران

[1] دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ و لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئاریەل شارۆنی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئیسرائیل بێڕێزی بە مزگەوتی قودس کرا، فەلەستینییەکان ڕاپەڕینێکیان دژی ئیسرائیلییەکان دەستپێکرد کە بۆ ماوەی ٥ ساڵ درێژەی کێشا کە ئەو ڕاپەڕینە بە ڕاپەڕینی دووهەم ناسراوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

و له نێویاندا (ابوعلی حارثی) سەرۆکی ڕێکخستنەکانی قاعیدە لە یەمەن. لەو بەروارەوە هەتا دروستبوونی جەنگی ناوخۆ لە یەمەن لە ساڵی ٢٠١٥، وادادەنرێت کە یەمەن لە حاڵەتی ئاشتی دا بووە نەک جەنگ.[2] بەڵام فڕۆکەکانی ئەمریکا ئۆپەڕاسیۆنیان ئەنجامدا دژی ڕێکخستنەکانی قاعیدە لە ساڵی ٢٠٠٩. چەند ڕۆژێک دوای دروستبوونی ڕێکخستنەکانی قاعیدە لە یەمەن و ناونانی بە ڕێکخستنەکانی قاعیدە لە نیمچە دورگەی عەرەبی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەستی کرد بە ئۆپەڕاسیۆنی کوشتنی ئامانجدار کە تا ساڵی ٢٠١٣ بەردەوام بوو و تیایدا ٨١ ئۆپەڕاسیۆنی کوشتنی ئامانجداری بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و فڕۆکەی جەنگی و موشەکی کروز ئەنجامدا کە لە ئەنجامی ئەو ئۆپەڕاسیۆنانە لانیکەم ٤٧٣ کەس کووژران لە جەنگاوەر و خەڵکی مەدەنی. سەرجەمی ئۆپەڕاسیۆنەکان لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠١٤ گەیشتۆتە ١٨٢ ئۆپەڕاسیۆن، کە لەو ئۆپەڕاسیۆنانەدا خەڵکی مەدەنی زۆر بوونە قوربانی، کە بەپێی سەرژمێرییەکان ژمارەی قوربانییەکان گەیشتۆتە ١٩٥٢ کەس(الجبوري، ٢٠٢٠: ٦١).

تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بەردەوام لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی و بەتایبەت بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە هەرێمی کوردستان دەکاتە ئامانج کە لە ئەنجامی ئەو ئۆپەڕاسیۆنانەدا ژمارەیەک لە خەڵکی مەدەنی بوونەتە قوربانی. وەك نموونە لە 21ی ئابی ساڵی 2011 لە ناوچەی کورتەك 7 کەسی مەدەنی لە هێرشی فڕۆکەکانی تورکیا بوونە قوربانی(خدر، 2013: 156).

لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی ئێرانیش بە تایبەت لە سالانی ڕابردوودا پەنای بۆ کوشتنی ئامانجداری ئەندامانی پارتە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بردوە، بۆ نموونە ڕۆژی 8ی سێپتێمبەری 2018 بنکەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە نزیك شاری کۆیە لە لایەن ژمارەیەك مووشەکی خاڵپێکی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کرانە ئامانج کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی 16 کەس و بریندار بوونی 40 کەسی دیکە. ئەو بنکانە شوێنی کاری سیاسی و فەرهەنگی بوون و ناوەندەکانی میدیایی و هەروەها ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان و منداڵپارێزی لەخۆ دەگرن کە تیایدا ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە لاوان و ژنان و منداڵانی کەمپەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات سەردانیان دەکەن(کوردستان، ٢٠١٨: ٧).

ئەوەی ئاماژەمان پێدا چەند نموونەیەکن لەو حاڵەتانەی کوشتنی ئامانجدار کە لە سەردەمی ئاشتیدا ئەنجام دراون و ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەپێدانە ئەوەیە کە زۆرجار لە ئۆپەڕاسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجداردا هاوڵاتیانی مەدەنی دەبنە قوربانی، کە ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی پەیوەست بە جیاوازی کردن لە نێوان ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکان و پارێزگاری کردن لە گیانی مەدەنییەکان. ئەم پرسەش لە باسی دووهەمدا لەڕووی یاساییەوە تاوتوێ دەکەین.

**لقی دووهەم: کوشتنی ئامانجدار لە سەردەمی جەنگدا**

بێگومان لەکاتی جەنگدا کوشتن بە ڕێگە و شێوازی جیاجیا ڕوودەدات لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا، کوشتنێکی ئاسایی لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازەکانی جەنگ، وە کوشتنی ئامانجدار کە ئێمە مەبەستمانە لێرەدا تیشکی بخەینە سەر.

کوشتنی ئامانجدار لە کاتی جەنگدا بە هەموو ئەو کرداری کوشتنانە دەگوترێت کە لە کاتی ململانێی چەکداری نیودەوڵەتی و نێوخۆیی ئەنجام دەدرێت و ئەو کردارانە لە جێبەجێکردنیان دا دەکەونە ژێر یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، کە ڕێکخەرە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتن لەڕووی ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی لایەنەکانی ململانێی چەکداری بەمەبەستی کەم کردنەوەی ئاستی ئازارەکان لە ململانێی چەکداری و پاراستنی قوربانیانی جەنگ تا ئەو جێگایەی دەکرێت. ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی ئەو ڕێسایانەن کە پێویستە جێبەجێ بکرێن لەکاتی ململانێی چەکداری تەنانەت ئەگەر لایەنەکانی ململانێ نکوڵی حاڵەتی جەنگ یان بوونی ململانێی چەکداری بکەن(الجبوري،2020: 64). ئۆپەڕاسیۆنی کوشتنی ئامانجدار لە ڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کە لە سەردەمی جەنگ ڕوویداوە وەک نمونە کاتێک لە پاکستان جەنگ دەستی پێکرد لە ساڵی ٢٠٠٤ لە نیوان پاکستان و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە لایەک و بزووتنەوەی تالیبانی پاکستان و ڕێکخراوی قاعیدە لە لایەکیتر، لەو کاتەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکات لە جەنگ دایە و ئۆپەڕاسیۆنەکانی بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەست پێدەکات دژی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی قاعیدە و بزووتنەوەی تالیبان، کە ئەو ئۆپەراسیۆنانە بە شێوەیەکی بەربڵاو زیادیان کرد لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (ئۆباما)، بە جۆرێک ئاماژە بە ٣٧٦ ئۆپەڕاسیۆن دەکرێت لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە لە پاکستان لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ساڵی ٢٠١٣(جمیل و الجنابي، 2020: 38).

ئەگەر یاسای جەنگ جێبەجێ بکرێت بەسەر ئەو جەنگەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی تیرۆر ڕایگەیاندوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی بە جەنگاوەری نایاسایی ناسراون هەمان هەڵسوکەوتی سەربازی جەنگی دەکرێت و لە سەر ئەو بنەمایە جەنگی دژی تیرۆر وەک جەنگێکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت نەک وەک کردەوەیەکی تاوانکاری لە چوارچێوەی یاسای تاوانکاریدا. کەواتە بەو پێیەی کوشتنی سەربازی دوژمن ڕێگەپێدراو و یاساییە، کوشتنی تیرۆریستانیش هەمان حوکمی هەیە(حاتمی،١٣٩٧: ١٣٨).

---

[2] وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بانگەشەی ئەوە دەکات کە کوشتنی ابو علی حارثی لە چوارچێوەی جەنگی دژی قاعیدە ئەنجامدراوە و ئەوەش مشتومڕی لەسەرە و هاوڕاییەکی نێودەوڵەتی لە پشت نییە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## باسی دووەم : هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی لە کوشتنی ئامانجداردا

ئەو بنەما نێودەوڵەتییانەی لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجداردا مەترسیی پێشێل کردنیان لەسەرە، بێگومان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر یاسایی بوونی ئەو ئۆپەراسیۆنانە هەیە. هاتنەکایەی کۆمەڵێک چەمکی نوێی وەک ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و دەرکەوتنی کۆمەڵێک تەکنۆلۆژیای نوێ و بەکارهێنانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، وایکردوە جۆرێک لە دژیەک[Paradox] دروست بێت لە نێوان ڕێسا نێودەوڵەتییەکان کە لە ئێستادا بوونیان هەیە لەگەڵ واقعی ئارایی. ئەمە وایکردوە کە کاریگەری هەبێت لەسەر گرفتی چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی کۆمەڵێک بنەمای یاسای نێودەوڵەتی کە ماوەیەکی زۆرە لە یاسای نێودەوڵەتیدا جێگیر بوون و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پەیڕەویان دەکات. بە مانایەکی‌تر هاتنەدی چەمکی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لەڕێگەی کوشتنی ئامانجدار، کە بووەتە جێگەی مشتومڕی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، گومانی تێدا نییە لەڕووی ئەو ئامرازە نوێیانەی جەنگ و گۆڕانی شێوازی جەنگ و بوارەکەی و ئاسەوار و کەسەکان کۆمەڵێک پرسیار دروست دەکات کە چۆن کوشتنی ئامانجدار وەک ئامرازێکی نوێ لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆردا خۆی لەگەڵ بنەماکانی سەروەریی دەوڵەت دەگونجێنێت؟ ئایا بوار دێڵێتەوە بۆ جێبەجێ بوونی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی؟ ئایا دۆخی خەڵکی مەدەنی چۆنە و تا چەند پارێزراو دەبن؟ لە کاتێکدا هەندێک جۆری ماف وەکو مافی ژیان پارێزراوییەکی تایبەتی هەیە، ئایا بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ تاچەند دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە و یاسایی بوونی کوشتنی ئامانجدار و کاریگەریی لەسەر بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، بە پێویستی دەزانین ئەم باسە بەسەر دوو داواکاریدا دابەش بکەین. داواکاریی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە کوشتنی ئامانجدار، و لە داواکاریی دووەمدا پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە ئۆپەراسیۆنی کوشتنی ئامانجداردا دەخەینەڕوو.

### داواکاریی یەکەم: هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە کوشتنی ئامانجدار

کوشتنی ئامانجدار چ لە ڕوانگەی یاساناسانەوە و چ لە ڕوانگەی ئەنجامدەرانەوە بە شێوەی جیاواز لێکدانەوەی بۆ کراوە، بە جۆرێک کە هەندێک دژی دەوەستنەوەو هەندێکی‌تر بەرگری لێدەکەن کە بێگومان هەریەک لەو دوو بۆچوونە بەڵگە و پاساوی تایبەت بە خۆیان هەیە. لەم داواکارییەدا لە چوار چێوەی دوو لقدا بۆچوونی لایەنگران و بەرهەڵستکارانی کوشتنی ئامانجدار دەخەینە ڕوو.

### لقی یەکەم: بۆچوونی لایەنگرانی کوشتنی ئامانجدار

لایەنگرانی کوشتنی ئامانجدار لەسەر ئەو بڕوایەن کە کوشتنی ئامانجدار یەکێکە لە ڕێکارە گرنگەکانی جەنگی دژی تیرۆر، لەبەر ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ڕێبەرانی گرووپە تیرۆریستیەکان دەکرێنە ئامانج، کە ڕۆڵی سەرەکیان لە ڕێکخستن و ئیدارەکردنی کردەوە تیرۆریستییەکان هەیە بۆ سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بۆیە پێویستە لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بە هەموو شێوازێک ڕووبەڕووی ئەم کردەوانە ببێتەوە. لەلایەکی‌ترەوە پێچەوانەی هێرش کردن و داگیر کردنی وڵاتێک، کوشتنی ئامانجدار پێویستی بە تۆپخانە و بۆمبهاوێژ نییە و لە هەمان کاتدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەربازی و شێوازەکانی ئەنجامدانی، کەسانی مەدەنی زۆر کەم دەبنە قوربانی. بۆ نمونە ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانیویەتی لەڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە ڕاستەوخۆ تیرۆریستان لە پاکستان و ئەفغانستان بکاتە ئامانج بێ ئەوەی زیانێکی مەدەنی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە، لایەنی پۆزەتیڤی کوشتنی ئامانجدار دەسەلمێنێت(حاتمی، ١٣٩٧: ١٤٩).

"ئێریک هۆلدەر" وەزیری دادی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٢ لە کاردانەوەیدا لەسەر کوشتنی "انور الوالکی" کە هاووڵاتییەکی ئەمریکی ئەندامی ڕێکخراوی قاعیدە بوو و لە هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەو وڵاتە لە یەمەن کوژرا، دەڵێت: پلاندانان بۆ کوشتنی ئامانجداری تیرۆریستێک لەلایەن دەوڵەتەوە یاساییە، تەنانەت ئەگەر سەبارەت بە هاووڵاتیانی ئەمریکا لە دەرەوەی وڵاتیش بێت کە سەرقاڵی پلاندانان بۆ زەبر وەشاندن لە ئەمریکا بن. لەبەر ئەوەی ئەمریکا سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەیە لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییەکانی قاعیدە و تاڵیبان، و یاسای نێودەوڵەتی ڕێگە بەو شێوە بەرەنگاربوونەوەیە بەرامبەر دوژمنانی بێنیشتمان دەدات(امینه و ظریف، ١٣٩١: ١٦).

هاڕۆلد کوە[3] پێی وایە کوشتنی ئامانجدار بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەگەڵ سەرجەم یاساکانی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەدا دەگونجێت، لەبەر ئەوەی ڕێبەرانی هێزە نەیارەکان، دەکەونە ڕیزی ئەو شەڕکەرانەی دژی ئەمریکا دەجەنگن، هەر بۆیە هێرش کردنە سەر ئەو ئامانجانە ئاساییە. لە لایەکی‌ترەوە ئەو فڕۆکانە تا ئەو جێگایەی پێچەوانەی ڕێساکانی یاسای جەنگ نەبن، ئامرازی گونجاون بۆ لەناو بردنی ئەو ئامانجانە(محمدی، ١٤٠٠: ٣١٩).

بە بڕوای هەندێک لە شارەزایانی یاسایی، هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر گرووپە تیرۆریستییەکان بە بێ ڕەزامەندیی ئەو دەوڵەتەی کە تیرۆریستان تێیدا نیشتەجێن یان چالاکیی تێدا دەکەن[کە دەکەوێتە دەرەوەی مەیدانی جەنگەوە] پێشێلکاری نییە بۆ سەروەریی ئەو دەوڵەتە. بە پاساوی ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانە نایانەوێت یان ناتوانن پێش لە چالاکی و هێرشەکانی ئەو گرووپانە لە داهاتوودا بگرن، هەر بۆیە هێرش کردنە سەر ئەو گرووپانە لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە پێشێلی سەروەریی ئەو دەوڵەتە ناکات.

[3] هارولد کوە مامۆستای یاسای نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ییل لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەواتایەکیتر تەنانەت ئەگەر هێرشەکانی ئەو گرووپانە هیچ پەیوەندییەکی بە دەوڵەتی خانەخوێوە نەبێت، بەڵام چونکە ئەو دەوڵەتە ناتوانێت پێش لەو گرووپانە بگرێت کە خاکی وڵاتەکەی بەکار بێنن بۆ کردەوەی تیرۆریستی و چەکداری، دەوڵەتی قوربانی مافی بەرگریی ڕەوای هەیە(حسینی و محمدی و قرطاول، ١٣٩٨: ٢٩٤).

**لقی دووەم: بۆچوونی بەرهەڵستکارانی کوشتنی ئامانجدار**

بەرهەڵستکارانی کوشتنی ئامانجدار بە پێچەوانەی ڕای لایەنگرانی کوشتنی ئامانجدار کە دەڵێن ئەو پرۆسەیە هۆکارێکە بۆ بەرگری خۆپارێزی (الدفاع الوقائي)، ڕایان وایە ئەوە ناتوانێت پاساوی یاسایی بوونی کوشتنی ئامانجدار بێت، بەڵکو پێویستە بۆ یاسایی بوونی هەر چەمکێک لە یاسای نێودەوڵەتیدا بگەڕێینەوە بۆ چوارچێوەی یاسایی لە لایەک و ئەو ڕێوشوێنە باوانەی لە پەیوەندی نێوان زۆرینەی دەوڵەتاندا دەگیرێنەبەر(حاتمی، ١٣٩٧: ١٤٩). زۆرێک لە یاساناسان کوشتنی ئامانجداری ئەندامانی قاعیدە و تالیبان دەخەنە ژێر پرسیار. (گێری سولیس) توێژەری ناسراوی یاسا و مامۆستای پێشووی یاسا لە زانکۆی سەربازی نیۆیۆرک، پێیوایە کاتێک کوشتنی ئامانجدار شەرعیەتی هەیە کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکدارانەدا ڕوودات، پێچەوانەی ئەوە، کوشتنی ئامانجداری کەسێکی مەدەنی - تیرۆریست بێت یان نا- خۆی لە خۆیدا تیرۆر یان کوشتنی سیاسییە(محمدی، ١٤٠٠: ٣١٩).

پەرلەمانی ئەوروپا لە بەرواری ٢٠١٤/٣/١ بڕیارنامەیەکی بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرد کە تیایدا هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی لە وڵاتانی وەک یەمەن و پاکستان کە بوونەتە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی مەدەنی، ئیدانە کرد و داوای لە وڵاتانی ئەندام کرد خۆیان لە هێرشی لەو چەشنە بپارێزن و هەروەها ئاسانکاری نەکەن بۆ وڵاتانیتر لە ئەنجامدانی ئەو هێرشانەدا(الجبوري، 2020: 96).

بەپێی ڕای بەرهەڵستکارانی ئەو پرۆسانە، دانان بە کوشتنی ئامانجدار بەواتای ڕەتکردنەوەی بنەماکانی دادگایی کردنی دادپەروەرانە و ئاشکرا، گریمانەی بێتاوان بوونی تۆمەتبار، مافی تۆمەتبار بۆ بەرگری لەخۆ کردنە. هەروەها لێدان لە ئەندامانی گروپە تیرۆریستییەکان لەڕێگەی کوشتنی ئامانجدارەوە دەبێتە هۆی کوشتنی کەسانی مەدەنی و ئەوەش دەبێتە هۆی تەشەنە کردنی ئەو گروپانە و دروست کردنی جۆرێک سۆز بۆ ئەم گروپانە. لە لایەکیتریشەوە ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجدار زیاتر لە لایەن دەزگا هەواڵگرییەکانەوە ئەنجام دەدرێت نەک هێزە چەکدارە فەرمییەکانەوە، ئەوەش گومان دروست دەکات کە نەیارانی دەوڵەت بەناوی تیرۆرەوە بکرێنە ئامانج(فولي، ٢٠٢٠: ١٦-١٧).

بەڕای ئێمە بەهۆی ئەوەی تیرۆر لە ئێستادا مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر مرۆڤایەتی و هەروەها بەهۆی ئەوەی تیرۆریستان لە بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی جیهاندا بڵاو بوونەتەوە و دەستگیر کردنیان ئەستەمە، دەکرێت پشت بە کوشتنی ئامانجدار ببەسترێت بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و کوشتنی ئەو کەسانەی کە دەورێکی کاریگەریان هەیە لە ڕێکخستن و ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستیەکاندا بە مەرجێک بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرڤایەتی وەک بنەمای گونجان و بنەمای جیاکاری ڕەچاو بکرێت و هەروەها بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لەسەر تێوەگلانی ئەم کەسانە هەبێت، واتە وەک ئەوەی دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر ڕای گشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی قاعیدەیان بە گرووپێکی تیرۆریستی ناساند و لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و کۆڕی گشتیدا جەختیان لەسەر کردەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە جیاوازی تەواو بکرێت لە نێوان تیرۆریستان و ئەو جەنگاوەرانەی لە پێناو بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەیان دژی داگیرکەران دەجەنگن و ناکرێت پێناسەی تیرۆر فراوان بکرێت بەشێوەیەک کە دەوڵەتان بتوانن لەژێر ناوی جەنگی دژ بە تیرۆردا بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بکەنە ئامانج.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:125-143
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**داواکاری دووەم: پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە ئۆپەراسیۆنی کوشتنی ئامانجداردا**

ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجدار چ لە کاتی جەنگدا ئەنجام بدرێن چ لە کاتی ئاشتیدا، پێشێلی کۆمەڵێک لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەکەن. بەو پێیەی زۆربەی ئەو ئۆپەراسیۆنانە لە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەت ئەنجام دەدرێن، پێشێلی بنەمای سەروەری دەکەن. هەروەها بەهۆی ئەوەی ئامانج لەو ئۆپەراسیۆنانە کوشتنی مرۆڤە، واتە مافەکانی ژیان و دادگایی دادپەروەرانە پێشێل دەکرێن و لە هەمان کاتدا پێشێلی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی دەکەن وەک بنەماکانی جیاکاری و گونجان. لەو داواکارییەدا و لە سێ لقدا ئاماژە بەو پێشێلکاریانە دەکەین.

**لقی یەکەم: کوشتنی ئامانجدار و پێشێل کردنی سەروەریی وڵاتان**

لە یاسای نێودەوڵەتیی نەریتیدا، سەروەری چەمکێکی دەروونی و هەست پێنەکراو بوو لە ویستی مرۆڤەکان، پێناسەیەکی ڕەهاو پیرۆزی پێدرابوو لە سەرووی هەموو شتێکەوە. بە مانایەکی‌تر، مرۆڤ کە زۆربەی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکانی خۆی بە مەبەستی گەیشتن بە خێری هاوبەش لە پرۆسەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیدا بۆ دەسەڵات جێهێشتبوو، لەگەڵ سەروەرییەکی بێ کۆت و بەند و بەرفراوان ڕووبەڕوو دەبووەوە. یاسای نێودەوڵەتیی نەریتی کە لە ڕێککەوتنەکانی وێستفالیا (١٦٤٨) سەرچاوەی گرتبوو، پیرۆزییەکی ڕەهای بە سەروەری بەخشیبوو. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا لە سەدەی ڕابردوودا و لە ئەنجامدا گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای مرۆیی، سەروەریی ڕێژەیی جێگای سەروەریی ڕەهای گرتەوە(زمانی و طلعت، ١٣٩٩: ٦٠). لە سەردەمی ئێستا و بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و مافی پارێزگاری لەخۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر پەنا بۆ شێوازی جۆراوجۆر دەبرێت، لەوانەش ئۆپەراسیۆنی کوشتنی ئامانجدار. ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنانە بە تایبەت لە کاتی ئاشتیدا و زۆر جاریش بە بێ لەبەرچاوگرتنی هاوئاهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوچەیی شوێنی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە ئایا ئەو ئۆپەراسیۆنە چۆن یەک دەگرێتەوە یا خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەری ئەو وڵاتەی کە ئۆپەراسیۆنەکەی تێدا ئەنجام دراوە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە لەو لقەدا واتای سەروەری و پێشێل کردنی سەروەریی دەوڵەتان لە ئۆپەراسیۆنی کوشتنی ئامانجداردا شیدەکەینەوە.

**یەکەم: واتای سەروەری**

بنەمای سەروەری یەکێکە لە بنچینە جەوهەرییەکان کە ڕێکخستنی نێودەوڵەتی لەسەر بنیاد نراوە، کە لە برگەی یەکەمی ماددەی دووەمی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەقی لەسەر دراوە وەک پرەنسیپی یەکسانی لە سەروەری لە نێوان سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوەکەو لە بنچینەدا واتای یەکسانیە لە نێوان هەموو دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە.

دەستەواژەی سەروەری بە مانای دۆخی دەوڵەت لە نێو سیستەمی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئاستی توانای لە هەڵسوکەوت کردن وەك کیانێکی سەربەخۆ(عبدالرحيم و لمين، ٢٠١٦: ٢٢).

سەروەری بە واتای هێزی ڕەها و باڵا و تایبەتی هەر وڵاتێکە کە بۆ یەکەم جار لە سەدەی ١٦دا لە لایەن ژان بۆدەنی[4] فەرەنسی هاتە ئاراوە(حبيبی، ١٣٩٦: ١٥٣).

لە ئاستی نێوخۆییدا سەروەری واتایەکی ئیجابی هەیە بەپێی ئەو باڵاییەی هەیەتی لەئاست تاکەکانی کۆمەڵگادا، و ئازادییەکی ڕەهایە لە دەرکردنی بڕیار و دانانی یاساکان و ڕێنماییەکان و هەروەها دەستبەسەرداگرتنی یاسایی ئامرازەکانی سەرکوتە. بەڵام لە ئاستی دەرەکیدا، سەروەری واتایەکی سلبی هەیە و واتای ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دەسەڵاتێکە لەسەرووی خۆیەوە. واتە سەروەریی دەرەکی بریتییە لەوەی هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی دەوڵەتەوە بوونی نییە و سنووردار ناکرێ لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا جگە لە بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان نەبێت(أحلام، 2011: ٢٦).

**دووەهەم: پێشێل کردنی سەروەریی دەوڵەتان لە ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجداردا**

هەروەک لە بەشی بەرایی ئەو توێژینەوەیەدا باسمان کرد کوشتنی ئامانجدار زۆربەی کات دەبەسترێتەوە بە پرۆسەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. هەروەها ئاماژەمان بەوەش کرد کە کوشتنی ئامانجدار بە شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەوەی کە بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا پشتی پێ بەستراوە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوان بووە لە دەرەوەی سنوورەکان. هەر بۆیە ئێمە لەو لقەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئایا بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوان لە سنووری وڵاتێکی تردا بۆ بە ئامانج گرتنی کەسانی تایبەت لە چوارچێوەی جەنگی دژ بە تیرۆردا، پێشێلی بنەمای سەروەریی ئەو وڵاتەیە کە هێرشەکەی تێدا ئەنجام دراوە؟

پێشێلکردنی هەرێمی ئاسمانیی وڵاتان یەکێک لە دەرەنجامە یاساییەکانی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوانە، بە پێی ماددەی ١ی ڕێککەوتننامەی شیکاگۆی تایبەت بە فڕۆکەوانی مەدەنی ساڵی ١٩٤٤ کە زۆربەی وڵاتان واژۆیان لەسەر کردوە، هەر

[4] ژان بۆدەن (١٥٣٠-١٥٩٦) فەیلەسوفی سیاسی و مامۆستای یاسا بوو لە زانکۆ تولوزی فەرەنسا و ڕوانگەکانی سەبارەت بە سەروەری دەوڵەت تا ئێستاش جێگای سەرنج و تێرامانی پسپۆرانی یاسایە(بۆدەن، ١٣٩٦: ٦).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دەوڵەتێک سەروەریی تەواو و پاوانکراوی هەیە بەسەر ئاسمانی خۆیدا. کەواتە نە تەنیا هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە شەڕکەرەکان، بەڵکو ئۆپەڕاسیۆنە سیخوڕییەکانیش کاتێک سنوور دەبەزێنن بە پێشێلکاریی سەروەری دادەنرێن(ملكی و رئيسی و ابراهيمی، ۱۳۹۲: ۱۲٦).

هاتنە کایەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و فراوانبوونی بەکارهێنانیان بووەتە مایەی سنووردار کردنی بنەمای سەروەری، بە شێوەیەک کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ئەو لایەنەی خاوەنیەتی توانای سیخوڕی کردن، چاودێریکردن(تنصت)... دابین دەکات لە ڕێگای مانگی دەسکرد، بەتایبەت ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی مەودای زۆر دەبڕن و سنووری ئاسمانیی دەوڵەتان دەبەزێنن. بە سەرنجدان بەوەی سەلماندنی پێشێلکارییەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ دەوڵەتان دژوارە، ئەستەمە ئەو دەوڵەتەی سەروەرییەکەی پێشێل کراوە نارەزایەتی دەرببڕێت یان بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی بێنێتە ئاراوە. ئەوەش وایکردوە وردەوردە دەوڵەتان پرسی سەروەریی لە ڕووبەڕووبوونەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان پشتگوێ بخەن(الرهايفة، 2021: ٦٦).

ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی کە کاری سیخوڕی و جەنگی ئەنجام دەدەن ڕێککەوتننامەی شیکاگۆیان لەسەر جێبەجێ ناکرێت. لە یاسای نێودەوڵەتیدا دۆخی فڕۆکەی جەنگی ڕوون نەکراوەتەوە تەنیا هەندێک لایەنی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا باس کراوە. هەروەها دیدگای وڵاتانیش لەو ڕووەوە ڕوون نییە. فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە بێ ڕەزامەندی ئاشکرای دەوڵەت بۆی نییە لە هەرێمی وڵاتیکیتر بفڕێ یان بنیشێتەوە. دیدگای دەوڵەتان ئەوەمان پێ دەڵێت ڕەزامەندی فڕین یان نیشتنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە هەرێمی وڵاتێکی تر لەڕێگەی ڕێککەوتننامەی دوولایەنە یان چەندلایەنە، یان ئیزن وەرگرتن لەڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە ڕێگەپێدراوە(مجد و سواری و فاخری، ۱٤۰۰: ۱۲۱۷).

ڕێگەپێدان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ چوونە ناو هەرێمی ئاسمانیی وڵاتێک بە مانای ئازادیی ڕەهای ئەو فڕۆکانە نییە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی، لە بەر ئەوەی هەر جۆرە ئۆپەڕاسیۆنێکی سەربازیی دەوڵەتێک لە هەرێمی دەوڵەتێکی تردا بەپێی یاسای نێودەوڵەتی نایاساییە و بەپێی بەندی ٤ی ماددەی ۲ی ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان (پرەنسیپی بەکارنەهێنانی هێز و هەڕەشەی بەکارهێنانی لە دژی هەرێمی دەوڵەتێک یان سەربەخۆیی سیاسیی هەر وڵاتێک بە هەر شێوازێک کە ناگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان) پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتییە، تەنها کاتێک کە بە ڕەزامەندیی دەوڵەتی خانەخوێ ئەنجام بدرێت. بنەمای یاسایی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی لە هەرێمی ئاسمانیی وڵاتێکی تر، وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشوەختەی دەوڵەتی خاوەن هەرێمە(طلائی و زرنگار، ۱۳۹٦: ٤٤). یاخود لە چوارچێوەی مافی بەرگریی ڕەوادا ئەنجام درابێت. چونکە بە ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی دەوڵەت بە بەکارهێنانی هێز لە سەر هەرێمەکەی مەسەلەیەکی جێی ناکۆکی نییە و بە پێشێلی سەروەریی دەوڵەت دانانرێت، بۆ نموونە بە ئامانج گرتنی (علی سنان الحارثی) سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە لە یەمەن، لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە یەمەن لە ساڵی ۲۰۰۲دا بە ڕەوا دادەنرێت چونکە لە سەر بنەما و ڕەزامەندی خودی دەوڵەتی یەمەن بووە(البقور، ۲۰۱۸: ۳٦۳).

**لقی دووهەم: پێشێل کردنی مافی ژیان و دادگایی دادپەروەرانە لە ئۆپەڕاسیۆنی کوشتنی ئامانجداردا**

بەو پێیەی کوشتنی ئامانجدار لە لایەن ژمارەیەک لە وڵاتان پەنای بۆ دەبرێت، پێویستە ئەو پرسیارە بێنێتە بەر دەممان کە ئایا لە ئۆپەڕاسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجداردا -کە زۆربەی کات لە ڕێگەی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانەوە ئەنجام دەدرێت- دەتوانرێت بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤدا بگونجێندرێت؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ بڵێین بە شێوەیەکی گشتی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی ئاشتیدا و یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی لە کاتی جەنگدا جێبەجێ دەکرێن. کەواتە دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی درۆن وەک هەر ئامێرێکی جەنگی دیکە لە کاتی جەنگدا بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی یاسای مرۆڤدۆستانە ڕێگەپێدراوە بەڵام لە کاتی ئاشتیدا ڕێگەپێدراو نییە. پرسیارەکە دەتوانین بەو شێوەیە بێنینە ئاراوە کە ئایا لە هەموو ئەو حاڵەتانەی درۆنەکان بۆ هێرشی سەربازی دژی گرووپە تیرۆریستییەکان بەکار هاتوون، جەنگ لەئارادا بووە؟ بێگومان نەخێر. لە لایەکی ترەوە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ لە هیچ دۆخێکدا هەڵناپەسێردرێن و لە کاتی جەنگیشدا پێویستە ڕەچاو بکرێن.

بەهۆی ئەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان یەکێک لەو ئامرازانەیە لە دەستی دەوڵەتاندایە بۆ کوشتنی مرۆڤەکان لە دەرەوەی سنوورەکان کە بە هۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیی پێشکەوتوو شوێنپێی خۆیان جێناهێڵن، تا ئێستا دەوڵەتان ڕێککەوتنێکیان نییە لەسەر ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئەو فڕۆکانە بۆ سنووردار کردنی چالاکییەکانیان دژی ئامانجە تیرۆریستییەکان یان بەگشتی لە جەنگەکاندا. ڕێکنەخستنی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە مانای جێهێشتنیان بۆ ئیرادەی ئەو وڵاتانە نییە کە لە ڕێگەی ئەو فڕۆکەیەوە تاوان ئەنجام دەدەن، بەڵکوو پێویستە بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ بەکار بهێنرێن و لەو بنەمایانە لانەدرێت(صفطلي و عجيل، 2022: ٤۰٤).

مافی ژیان و مافی دادگایی دادپەروەرانە لە گرینگترین ئەو مافانەن کە لە پیادەکردنی کوشتنی ئامانجداردا مەترسی گەورەیان لەسەرە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**یەکەم: مافی ژیان**

جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە ساڵی ١٩٤٨ لە لایەن لیژنەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە بەڵگەیەکی ڕوونە لە سەر ئەو پێگە گرنگەی کە تاک لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەیەتی. بە ئامانجی ڕێکخستنی ئەو پارێزراوییە بۆ تاک، کۆمەڵێک دەق لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ ڕێزگرتن لە مافی تاک هەیە، چەندین بنەما و ڕێسا هەیە کە ڕاستەوخۆ کاریان پێدەکرێت سەبارەت بە تاک بە ئامانجی پاراستنی ژیان و بوون و ئازادی و کەرامەتی تاک یان بە ئامانجی سزادانی ئەوانەی پێشێلی ئەو مافانە دەکەن و تاوانی دژەمرۆیی و دژی ئاشتیی جیهانی ئەنجام دەدەن. کۆی ئەو ڕێسایانە پێیان دەگوترێت یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، کە لقێکن لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتی(خلف، 2017: 11-12).

مافی ژیان لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە کە زیاتر لە هەموو ماف و ئازادییەکانیتری مرۆڤ لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا گرنگی پێدراوە، ئەوەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە هەموو ماف و ئازادییەکانیتری مرۆڤ کاتێک مانا پەیدا دەکەن کە مرۆڤ لە ژیاندا بێت. بۆ نمونە لە ماددەی (٦)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا هاتوە: "هەر مرۆڤێک بەشێوەی سروشتی مافی ژیانی هەیە، ئەو مافە دەبێت لە لایەن یاساوە پشتیوانی لێبکرێت و ناتوانرێت هیچ کەس بەشێوەی دڵخواز و سەرەڕۆیانە لەو مافە بێبەش بکرێت."

چوارچێوەی سەرەکی کە پێویستە پشتی پێ ببەسترێت لەکاتی هەڵسەنگاندنی یاسایی بوونی کوشتنی ئامانجدار بەتایبەت ڕێگەی باوی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بریتییە لە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، یەکێک لەو مافانەی کە لەو یاسایەدا جێگای بایەخی تایبەتە مافی ژیانە، کە پێی دەگوترێت "مافی باڵا". ئەو مافە ڕێسایەکی فەرمانکەرە[5] لە یاسای نێودەوڵەتیی عورفیدا، کە پابەندکارە بۆ هەموو دەوڵەتان. هەروەها ئەو مافە لە کۆمەڵێک لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا هاتوە. بەو پێیە پاراستنی مافی ژیان بۆ هەموو دەوڵەتان پابەندە و کاتێک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکار دەهێنرێت هیچ دەوڵەتێک بۆی نییە کەسێک لە ژیان بێبەش بکات بەشێوەی هەڕەمەکی(المالكي و جعفر، 2015: 22).

بەردەوام مەترسی لەسەر مافی ژیان هەبوە، بە تایبەت لە ئێستادا بەهۆی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێی سەربازی وەک بەکارهێنانی درۆنەکان ئەو مەترسییە بەرچاوترە و ئەو مافە بە فراوانی پێشێل دەکرێت لەڕێگەی ئەو مووشەک و تەقەمەنییانەی لە لایەن درۆنەکانەوە بەکار دێن و دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ژیانی جەنگاوەران و مەدەنییەکان(الفتلاوي و شبيب، 2017: 17).

وەک ڕێسایەکی گشتی، ڕێککەوتننامەکانی مافی مرۆڤ دەقیان لەسەر ئەوە داوە کە پێویستە بێبەش کردن لە مافی ژیان زێدەڕۆیانە نەبێت و بەکارهێنانی هێز دوارێگەیە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤدا. بنەمای ٩ لە "بنەما سەرەکییەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی هێز و چەکی ئاگرین لەلایەن فەمانبەری ئەرکدار بە جێبەجێ کردنی یاسا" دەقی لەسەر ئەوە داوە کە بەکارهێنانی هێز بە مەبەستی کوشتن تەنیا کاتێک ڕێگەپێدراوە کە بەشێوەی ڕەها نەتوانرێت خۆی لێ بپارێزرێت لە پێناو ڕزگار کردنی ژیان، هەر بەکارهێنانی هێزێک دەبێت بە پێی پێویست و هەروەها ڕێژەیی بێت.

کەواتە بە پێی پێوەرەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، لە بنەڕەتدا بێبەش کردن لە ژیان، کارێکی هەڕەمەکییە و بەکارهێنانی هێزی کوشندەیە بە بێ بوونی هۆکارێکی یاسایی(خلف، 2017 :١٢-١٣).

واتە کوشتنی ئامانجدار تەنیا کاتێک ڕێگەپێدراوە کە هەڕەشەیەکی بەپەلە لە ئارادا بێت و بە پێویست بزانرێت بۆ پاراستنی گیانی خەڵکانیتر، جگە لەمە بەپێی یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ، کوشتن ڕێگەپێدراو نییە(حسینی و محمدی و قرطاول، ١٣٩٨: ٢٩٩-٣٠٠).

ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکدا کەساڵی ٢٠٠٣ سەبارەت بە کوشتنی ئامانجدار لە یەمەن بڵاوی کردۆتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنیا کاتێک هێزی کوشندە یاساییە کە هەڕەشەیەکی بەپەلە لەسەر ژیانی کەسانیتر هەبێت و ڕێگەی کەم مەترسیتری وەک دەستبەسەر کردن یان ڕێگای غەیری کوشندە لە ئارادا نەبێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بۆمان دەردەکەوێت کە کوشتنی ئامانجدار وەک یەکێک لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی هێز، تەنیا کاتێک ڕەواییەتی هەیە کە بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤەکان بێت، دیارە لەو حاڵەتەشدا مەرجی مەترسیی بەپەلە بۆ سەر گیانی مرۆڤەکان و هەروەها مەرجی نەبوونی ئەگەری دەستبەسەر کردن و دادگایی دادپەروەرانەپێویستە بوونی هەبێت. بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی گشتی کوشتنی مرۆڤ لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت زیادەڕۆیانە بێت.

---

[5] ڕێسای فەرمانکەر بە پێی ئەو پێناسەیەی لە ماددەی ٥٣ی ڕێککەوتننامەی ڤیەنا بۆ یاسای پەیماننامەکان کراوە، بریتییە لە ڕێسایەکی گشتی یاسای نێودەوڵەتی کە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی قبووڵکراو و دانپیانراوە کە سەرپێچی کردن لێی ڕێگەپێدراو نییە و گۆڕانکاری تێدا ناکرێت مەگەر بە ڕێسایەکی پاشینەی(لاحق) گشتی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر هەمان بابەت نەبێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**دووهەم: مافی دادگایی دادپەروەرانە**

مافی دادگایی دادپەروەرانە لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤە، لەبەر ئەوەی گرنگترین قۆناغە کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ دەپارێزێت و هەموو ڕێوشوێنەکان لێیەوە چاودێری دەکرێن و لێیەوە دەگێرنەبەر، وەکوو ئازادییە سەرەکییەکان و ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەکەونە پێشی، وەکوو لێکۆڵینەوەی دادوەری.(فريجة،2014: 428.) هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە کە بەشێوەیەک دادگایی بکرێت کە زامنی پێویست هەبێت کە لە لایەن دادگایەکی تایبەتمەندی سەربەخۆ ئەنجام بدرێت بەرامبەر بەو لادانە یاساییەی کە ئەنجامی داوە. ئەوەش بۆ سەلماندنی هەر تۆمەتێک کە سروشتی سزایی هەیە و ئاراستەی کراوە یان بۆ کۆتایی هێنان بە ماف و ئەو ئەرکانەی کە سروشتێکی مەدەنی یان دارایی هەیە و پەیوەستە بە کارەکەی، یان هەر سروشتێکی دیکە. هەر تۆمەتبارێک بە تاوانێک، مافی خۆیەتی بە بێتاوان دابنرێت تا ئەو کاتەی تاوانباربوونی بەپێی یاسا جێگیر دەکرێت و بێگومان ئەوە یەکێکە لە پرەنسیپە هەرە دیارەکانی یاسای تاوانکاری(المصري، 2006: 164).

مافی دادگاییەکی دادپەروەرانە لەبەردەم دادگایەکی پاک و تایبەتمەند مافێکە کە زامن کراوە لە لایەن بەڵگەنامە جیهانی و هەرێمییەکانی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها دەستوور و یاسا نیشتمانییەکان(بلخير، 2013: 81). ئەوەش جەختی لێکراوەتەوە لە پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦، کە لە ماددەی ١٤دا هاتوە "هەموو تاکەکان یەکسانن لەبەردەم دادگا و مافی هەموو تاکێکە کە هەر تۆمەتێکی سزایی کە ئاراستەی دەکرێت یان ماف و ئەرکەکانی لەهەر داوایەکدا یەکلا بکرێتەوە بە جۆرێک کە دادپەروەری تێدا ڕەچاو کرابێت و ئاشکرا بێت لەلایەن دادگایەکی تایبەتمەندی سەربەخۆ بەپێی یاسا".

هەروەها مافی دادگایی دادپەروەرانە لەلایەن بەڵگەنامە هەرێمییەکانیش دەقی لەسەر دراوە وەک پەیمانی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان ١٩٨١، کە لە ماددەی ٧ی ئەو پەیمانەدا هاتوە:

"مافی دادگایی کردن بۆ هەموو کەس پارێزراوە و ئەو مافە ئەوانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

ا- مافی گەڕانەوە بۆ دادگای تایبەتمەندی نیشتمانی بۆ بەدواداچوون بە کردارێک کە بە لادان دەژمێردرێت لەو مافە بنەڕەتییانەی کە دانی پێدانراوە و لە لایەن ڕێککەوتننامە و یاسا و ڕێنمایی و عورفی باو گەرەنتی کراون.

ب- مرۆڤ بێتاوانە تا ئەو کاتەی تاوانەکەی لەلایەن دادگایەکی تایبەتمەند دەسەلمێندرێت.

ج- مافی بەرگری کردن و هەڵبژاردنی بەرگریکاری هەیە.

د- ڕێگە نادرێت کەسێک تاوانبار بکرێت بە کردارێک یان خۆگرتنەوە لە کردارێک کە کاتی ئەنجامدانی بەپێی یاسا بەتاوان دانەنرابێت و سزا تەنیا بە دەق دیاری دەکرێت و هەروەها سزا، بابەتێکی کەسییە."

هەروەها لە ماددەی سێهەمی هاوبەشی ڕێککەوتننامەکانی جنێفی ١٩٤٩ و هەروەها ماددەی ٧٥ی پرۆتۆکۆلی زیادکراوی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ کە تێیدا هاتوە "ناکرێت هیچ حوکمێک دەربکرێت یان هیچ جۆرە سزایەک بەرامبەر کەسێک جێبەجێ بکرێت کە ئیدانەبوونی جێگیر بکرێت لە تاوانی پەیوەست بە ململانێی چەکداری، تەنیا لەسەر بنەمای حوکمێکی دەرچوو نەبێت لە دادگایەکی بێ لایەن، کە ئەندامەکانی بەشێوەی یاسایی دیاری کرابن و پابەند بووبن بە بنەمای ڕێوشوێنەکانی دادگاییەکی دروست و دانپێدانراو.

هەر کردارێکی کوشتنی ئامانجدار کە دەوڵەت ئەنجامی دەدات بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بە سێدارەدان لە دەرەوەی چوارچێوەی دادگا دادەنرێت[6] (روفر، 1998: 275).

واتە دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان بە بێ بڕیاری دادگا بە ئیدانە کردن و بە بێ بوونی مافی تانەدان و بەرگری و پێداچوونەوە دەبێتە لەسێدارەدان لە دەرەوەی دادگا.

کوشتنی ئامانجدار بەزۆری بەپێی زانیاریی هەواڵگری ئەنجام دەدرێت بەدوور لە حوکمی ئیدانە کردنی دەرچوو لە دادگای سزایی تایبەتمەند کە هەلی ئەوە بۆ لایەنەکانی داواکە برەخسێنێت کە بەڵگەکان پێشکەش بکەن تا بەرگری لە خۆیان بکەن یان ڕێکارەکانی تانەدان جێبەجێ بکەن(حسینی و یزدان‌نجات، ١٣٩٢: ٤٥). ئەوە هەموو دەبێتە ئەوەی کە کوشتنی ئامانجدار بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کردارێکی نایاساییە و دەبێتە بنچینەی دروستبوونی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی. بۆیە کوشتنی ئامانجدار بە یاسایی دانادرێت تاکو مەترسییەکی بەپەلە نەبێت کە ڕاستەقینە و لە ئان و سات دابێت بەرامبەر کەسی بەئامانج گیراو، لە هەمان کاتدا هیچ ڕێگەیەکی‌تر بۆ لابردنی مەترسییەکە نەبێت و تاکە ڕێگا بێت بۆ پاراستنی کەسانی‌تر و هەروەها نیەتی لەپێشینە بۆ کوشتن نەبێت بەڵکو دەستبەسەر کردن بێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە کوشتنی ئامانجدار دەبێتە نایاسایی(سرتیپی، بردبار و موسی‌زادە، ١٣٩١: ٦٩).

بەکارهێنانی هێزی کوشندە دژ بە تۆمەتباران سەبارەت بەو دەوڵەتانەی دانیان بە سزای لەسێدارەدان ناوە ڕەوایە. بەڵام ناکرێت بەشێوازێکی زیادەڕۆیی جێبەجێ بکرێت، بەڵکوو پێویستە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی لەلایەن دادگایەکی پاک و سەربەخۆ یەکلا

---

[6] پێناسەی لەسێدارەدان لە دەرەوەی دادگا: لەسێدارەدان لە دەرەوەی دادگا بریتییە لە کوشتنی نایاسایی و بەئەنقەست، کە بە بڕیاری حکومەت ئەنجام دەدرێت یان بە پاڵپشتی یان بە ڕەزامەندی نهێنی.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بکرێتەوە. ئەوەش بەو مانایە دێت کە کرداری کوشتنی ئامانجدار بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان پێشێلی مافی تۆمەتباران دەکات. کەواتە کەسی تۆمەتبار بێ تاوانە تا ئەو کاتەی دەسەلمێنرێت کە تاوانبارە لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆ و پاک بەپێی ڕێوشوێنی یاسایی(الجانبي و جميل، ٢٠٢٠: 45).

لە برگەی ٤٤ لە راپۆرتی ساڵانەی ڕاسپێردراوی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەکان لە کوشتنی ئامانجدار لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە لە ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٤ پێشکەش بە ئەنجومەنی مافی مرۆڤ کراوە، هاتوە: "بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە کوشتنی ئامانجداردا بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەبێتە مایەی دروستبوونی دەرەنجامی پێچەوانە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕق و کینە لە لایەن دانیشتوان، کە ئەوەش دەبێتە مایەی بەهێزبوونی تیرۆر و پاڵنەرەکانی". هەروەها لە ناو ئەو دانیشتنەدا لایەنیتریش پێیان وابوو کە پێویستە دەوڵەتان جەخت بکەنە سەر هاوکاریی قوربانیانی تیرۆر لە بەر ئەوەی ئەوە دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی پشێوییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها ئەو دۆخانەی پاڵنەری تیرۆرن. بۆیە پێویستە لەسەر دەوڵەتان وەک بەشێک لە ستراتیژی چالاک لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دادگایی ئەو کەسانە بکەن کە گومانیان لێدەکرێت کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجام دابێت. هەروەها ڕێز لە مافی ئەو کەسانە بگیرێت بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسای تایبەت بەرامبەریان. ئاماژە بەوە دەکات بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە کوشتنی ئامانجداردا بە بێ هیچ لێپرسینەوەیەک و بە بێ بوونی پێشکەش کردنی قەرەبوو کرنەوە بۆ قوربانیان، دەبێتە مایەی دروستبوونی مەترسی نوێ و دەرەنجامی پێچەوانە لە واقیعدا.

هەروەک ئاماژەمان پێکرد کوشتنی ئامانجدار لە دۆخی ئاشتیدا پێشێلی بنەمای دادگایی کردنی دادپەروەرانەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕێگە بە قوربانی نادرێت بەرگری لەخۆی بکات وەک مافێکی سروشتیی کە بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ بۆ هەم وان پارێزراوە. ئەوەش بە واتای نادروست بوونی کوشتنی ئامانجدارە لە دۆخی ئاشتیدا. کاتێک سەرنج دەدەینە یاساوەکانی ئەو وڵاتانەی بەتایبەت بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کرداری کوشتنی ئامانجدار ئەنجام دەدەن لە ناو هەرێمی وڵاتانیتر، بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە زۆربەی کەیسەکاندا هێرشەکان لەکاتێک دا ئەنجام دەدرێن کە جەنگێک لە ئارادا نییە. بۆ نموونە ئەمریکا لە پاکستان و یەمەن و سۆماڵ یان تورکیا و ئێران لە باشووری کوردستان لە جەنگێک دا نین تا بتوانن بە پشتبەستن بە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی پەنا بۆ کوشتنی ئامانجدار ببەن.

**لقی سێهەم: گرفتی جێبەجێکردنی بنەمای جیاکاری و بنەمای گونجان لە ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجداردا**

یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسا و پرەنسیپ کە بەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەدا جێبەجێ دەکرێت لە پێناو بەمرۆیی کردنی جەنگەکان و لەسەر بنەمای پاراستن و سنووردار کردن وەستاوەتەوە. پاراستنی تاکەکان و ئامانجە ناسەربازییەکان و هەروەها سنووردار کردنی هەندێ لە تەکنیکەکانی جەنگ و ئامرازەکانی جەنگ. لە بنەما بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی کە پەیوەندی بە کوشتنی ئامانجدارەوە هەیە بریتییە لە بنەمای جیاکاری و بنەمای گونجان، کە لە چوارچیوەی دوو لقی جیاوازدا ئاماژەی پێ دەکەین:

**یەکەم: بنەمای جیاکاری**

بنەمای جیاکاریی نێوان کەسانی سەربازی و کەسانی مەدەنی، وەک گرنگترین بنەمای مرۆیی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە، یەکەم جار لە ڕاگەیەنراوی سانپترسبێرگ (١٩٦٨) ئاماژەی پێکراوە. ئەو بنەمایە جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنیا ئامانجی یاسایی کە دەوڵەتان لە کاتی جەنگدا دەتوانن هەوڵی بۆ بدەن ئەوەیە کە هێزی سەربازیی دوژمن لاواز بکەن. هەروەها ماددەی ٢٥ی ڕێککەوتنی لاهای (١٩٠٧) دەقی داوە لەسەر ئەوەی هێرش یان بۆردومان بە هەر ئامرازێک دژی شار، گوند، خانوو یان دامەزراوەی بێ بەرگری قەدەغەیە(محمدرضائی و مرادی و عسگرخانی، ١٣٩٩: ٢٨٢).

بەشێوەیەکی گشتی بنەمای جیاکاری ئەوانە لەخۆ دەگرێت: ا) جیاکاریی نێوان کەسانی سەربازی و ناسەربازی، ب) جیاکاریی نێوان ئامانجی سەربازی و ئامانجی ناسەربازی، ج) خۆپاراستن لە هێرشی هەڕەمەکی، د) ڕەچاو کردنی گونجان لە هێرش کردندا، ە) هەوڵە خۆپارێزییەکان لە هێرش کردن دا، و) هەوڵە خۆپارێزییەکان لەئاست دەرکەوتەکانی هێرش(اجیلی و سجادی و کرمی، ١٣٩٨: ٢٥).

ڕێککەوتننامەکانی جنێفی ساڵی ١٩٤٩ زۆر بەڕوونی ئاماژەان بە بنەمای جیاکاری نەکردوە. بەڵام پرۆتۆکۆلی زیادکراوی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ لە ماددەکانی ٤٨، ٥١ و ٥٢دا بەوردی باسی ئەو بنەمایەیان کردوە. لە ناوەڕۆکی ماددەی ٤٨ی پرۆتۆکۆلی زیادکراوی یەکەم دا هاتووە:" لایەنەکانی ململانێ دەبێت کار بکەن بۆ جیاکاری لە نێوان خەڵکی مەدەنی و جەنگاوەران، هەروەها لە نێوان شوێنی مەدەنی و شوێنی سەربازی،بە جۆرێک کە هێرشەکانیان تەنیا ئاراستەکەی بەرەو شوێنی سەربازی بێت. ئەوەش بۆ گەرەنتیی پاراستنی خەڵکی مەدەنی و شوێنی مەدەنی.

لە بنەما بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، بنەمای جیاکاریی نێوان جەنگاوەران و خەڵکانی مەدەنییە. ئەو بنەمایەی کە دادگای دادی نێودەوڵەتی بە "بنەمای جێگیری یاسای نێودەوڵەتیی عورفی" ئاماژەی پێکردوە. بەپێی ئەو بنەمایە لایەنە ناکۆکەکان دەبێت جیاکاری بکەن لە نێوان کەسانی سەربازی و مەدەنی، هەر بۆیە بەکارهێنانی ئەو چەکانەی جیاکاری ناکەن ڕێگەپێدراو


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

نییه. ئەو بنەمایە جگە لە جیاکاریی نێوان کەسانی سەربازی و مەدەنی، جیاکاری لەنێوان ئامانج و کەلوپەلی سەربازی و مەدەنیش دەگرێتەوە(حاتمی، ١٣٩٧: ١٤٢).

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بڕیاری ٢٤٤٤ی ساڵی ١٩٦٩دا بنەمای جیاکاری شیکردۆتەوە بەم شێوەیە:

- مافی لایەنەکانی جەنگ بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی زیان بە لایەنی بەرامبەر دەگەیەنێ ڕەها نییە.
- هێرش کردن بۆسەر خەڵکانی ناسەربازی وەک خۆیان قەدەغەیە.

پێویستە بەردەوام جیاکاری بکرێت لەنێوان بەشدارانی جەنگ و ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنی، بۆ ئەوەی تا ڕادەی پێویست بپارێزرێن(العبيدي، 2014: ٣٣٣).

هەرچی بواری تەکنۆلۆجیی سەربازیی زیاتر پێش دەکەوێت، ئاڵۆزیی زیاتر لە چەمکی جیاکاری دروست دەبێت و پێویستی ڕێکخستنی یاسایی جەنگەکان بۆ پاراستنی خەڵک و ئامانجە مەدەنییەکان زیاتر دەردەکەوێت. بۆ نمونە لە ئێستادا کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بە فراوانی لە جەنگەکان و بەتایبەت لە کوشتنی ئامانجدار لە جەنگی دژ بە تیرۆردا کەڵکیان لێوەردەگیرێت، مشتومڕێکی یاسایی بێ کۆتایان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا لێکەوتۆتەوە. بە جۆرێک کە زۆر بوونی ژمارەی قوربانیانی مەدەنی لە ئەنجامی هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بە تایبەت لە جەنگی دژ بە تیرۆردا، پرسیاری گەورەی لەسەر یاسایی بوونی بەکارهێنانی لێکەوتۆتەوە.

هەر بۆیە ئەو چەکانەی کە لە لایەن فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بەکار دەهێنرێن پێویستە توانای جیاکاریی نێوان کەسانی سەربازی و ناسەربازییان هەبێت، بەجۆرێک کە تا ئەوپەڕی هەوڵ بدرێت ڕێگا بگیرێت لە هێرش بۆ سەر کەسانی ناسەربازی. بە پێچەوانەی ئەو گومانەی هەیە کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان زۆر وردن و هەڵە ناکەن لە پێکانی ئامانجەکانیاندا[7](حسینی و محمدی و قرطاول، ١٣٩٨: ٣٠٣).

ڕێسای ڕێگری کردن لە هێرشی هەڕەمەکی، ئاماژە بە سنووردارکردنی ئەو ئامراز و چەکانەیە کە بە سروشتی خۆیان، جیاکاری ناکەن. هەروەها بەپێی ڕێساکانی تایبەت بە بنەمای جیاکاری، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەبێت ئەو چەکانە بەکار بێنن کە توانای جیاکاریی نێوان ئامانجی سەربازی و ناسەربازییان هەبێت لە ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجداردا و هەروەها هەموو ئەو ڕێکارانە بگیرێتەبەر و ئەوپەڕی هەوڵ بدرێت زیان نەگات بە کەس یان ئامانجی ناسەربازی. ئەگەر بێتو ئەو فڕۆکانە بەپێی پلانی پێشتر داڕێژراو ئاراستە بکرێن، بە جۆرێک کە نەتوانرێت پێداچوونەوە بە کارەکانیان بکرێت، بەکارهێنانیان پێشێلی ئەو بنەمایە. (بنەمای ڕێگری کردن لە هێرشی هەڕەمەکی) دەکا(محمدی، ١٤٠٠ : ٣٣٢).

گرنگیی پابەندبوون بە بنەمای جیاکاریی نێوان کەسانی سەربازی و ناسەربازی و هەروەها ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکان بە ڕادەیەکە کە دادگای دادی نێودەوڵەتی لە ڕای ڕاوێژکاریی خۆیدا لە ساڵی ١٩٩٦ جەختی لێکردۆتەوە کە: "دەوڵەتان مافی ئەوەیان نییە کە کەسانی ناسەربازی بکەنە ئامانج و بۆ ئەو مەبەستە هەرگیز نابێت ئەو چەکانە بەکار بێنن کە ناتوانن جیاکاری بکەن لە نێوان ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکاندا." تەنانەت دادوەر بجاوی[8]، بنەمای جیاکاری و قەدەغە کردنی بەکارهێنانی ئەو چەکانەی کە توانای جیاکارییان نییە، وەک بەشێک لە ڕێساکانی فەرمانکەر (آمره) داناوە(ابراهیمی،١٣٩٣).

**دووهەم: بنەمای گونجان**

بنەمای گونجان وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی سروشتێکی عورفی هەیە، واتای ئەوەیە کە لایەنەکانی جەنگ لە نێوان ئەو زیانانەی کە بەر ئامانجە سەربازییەکان دەکەون لەگەڵ ئەو زیانانەی کە بەر مەدەنییەکان دەکەون گونجانێک بێننەدی(جیهانی و طباطبایی، ١٣٩٨: ٢٨٠).

واتە پێویستە لایەنەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە لەکاتی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی، هەموو ئەو هەنگاوە خۆپارێزییانە بگرنەبەر بۆ هێنانەدی ئەوپەڕی هاوسەنگی و گونجانی پێویست لەنێوان دەسکەوتی سەربازی و ئەو دەرکەوتە ناڕاستەوخۆ یان زیان و بەرکەوتانەی کە چاوەڕوان دەکرێن لە ئەنجامی جەنگەکەدا بێنەدی و، سەرەنجام خۆپاراستن لەهەر

[7] لە ئەنجامی ٣٠٠ هێرشی ئەو فڕۆکانە لە پاکستان، ٢٣٤٧ کەس کوژراون کە لەو ژمارەیە ٣٩٢ کەسیان ناسەربازی بوون و لەو هێرشانەدا لانیکەم ١٧٥ منداڵ گیانیان لەدەست داوە. ئەو ئامارانە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن کە ئەو فڕۆکانە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی دروست بنەمای جیاکاری ڕەچاو بکەن(حسینی و محمدی و قرطاول، ١٣٩٨: ٣٠٣).

[8] دادوەر محمد بجاوی سەرۆکی دادگای دادی نێودەوڵەتی بوو ئەو کاتەی ئەو دادگایە لە ساڵی ١٩٩٦ ڕای ڕاوێژکاری خۆی لەسەر پرسی یاسایی بوونی هەڕەشە یان دەست بردن بۆ چەکی ناوکی دەربڕی(رضوی فرد و نوروزی، ١٣٩٦: ٦). محمد بجاوی ساڵی ١٩٦٤ تا ١٩٧٠ وەزیری دادی جەزائیر بووە، ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٩ باڵوێزی جەزائیر بووە لە فەرەنسا، ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٢ نوێنەری هەمیشەیی جەزائیر بووە لە یونێسکۆ، ساڵی ١٩٧٢ تا ١٩٨٢ نوێنەری هەمیشەیی جەزائیر بووە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک. ناوبراو هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢ بۆتە دادوەری دادگای دادی نێودەوڵەتی و لە ١٩٩٤ تا ١٩٩٧ بۆتە سەرۆکی ئەو دادگایە(بجاوی، ١٣٧٤: ٣٢١).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

کردارێکی سەربازی، ئەگەر بێتو زیان و بەرکەوتەی لاوەکی لە ڕادەبەدەری لێبکەوێتەوە بەراورد بە دەسکەوتە سەربازییە چاوەڕوانکراوەکە(قطیط، 2019 : ٦).

دەست بردن بۆ هێرشێک کە چاوەڕوان دەکرێت ببێتە هۆی لەناوچوونی خەڵکانی مەدەنی یان زیان گەیاندن پێیان یان زیان گەیاندن بە ماڵ و مڵکی خەڵکانی مەدەنی یان تێکەڵاوێک لە هەردوکیان، واتە ئەو زیانە زیاتر بێ لەو دەسکەوتە بەرجەستە و ڕاستەوخۆ سەربازییەی کە چاوەڕوان دەکرا، قەدەغەیە(حاتمی، ١٣٩٧: ١٤٦).

بنەمای گونجان هەوڵ دەدات هاوسەنگیەک لەنێوان دوو بەرژەوەندیی دژیەکدا دروست بکات، یەکەمیان بریتییە لە پێویستیی سەربازیی و ئەوی تریان بریتییە لە پێویستییەکانی مرۆڤایەتی، لە کاتێکدا ماف و سنووردارییەکان ڕەها نین، هەر بەو هۆیەوە دوو پرۆتۆکۆلی زیادکراوی ١٩٧٧ بە ئامانجی ڕێزگرتن لە بنەمای گونجان لە سەرجەم ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکان بە مەبەستی ڕێگری کردن لە ئازاری ناپێویستی مەدەنییەکان دەرچوون کە داوا لە لایەنەکانی جەنگ دەکات لە کاتی بەکارهێنانی ئامراز و شێوازەکانی جەنگ، هەموو ڕێکارێکی پێویست بگرنەبەر تا پێش لە کوشتن یان زیان گەیاندن بە کەسانی مەدەنی و هەروەها داراییەکانیان بگرێت(سلیم، 2017: ٩).

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بنەمای گونجان لە ڕەوتی ئەو هێرشانەی لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە بۆ کوشتنی ئامانجدار ئەنجام دەدرێن، پێویستە زانیاریی هەواڵگریی ورد لەسەر ئامانجەکە هەبێت و کەسانی مەدەنی لەگەڵ ئامانجەکە نەبن و هێرشەکە بگونجێت لەگەڵ ئەو کەسەی کە بە ئامانج دەگیرێت و هەروەها هێزە هێرشبەرەکان ئەو تواناییەیان هەبێت کە لە ئەگەری ڕوودانی هەڵە یان زانیاریی ناڕاست، هێرشەکە ڕابگرن یان گۆڕانکاری تێدا بکەن(البصیصي، 2014: ١٤٤-١٤٥).

ئێمە پێمانوایە کوشتنی ئامانجدار لەکاتی جەنگدا وەک هەموو ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر ئامانجە سەربازییەکانی لایەنی جەنگ، دەبێت بنەمای گونجانی بەسەردا جێبەجێ بکرێت، هەر بۆیە لەو ڕوانگەیەوە جیاوازییەک نابینرێت لە نێوان ئەو ئۆپەڕاسیۆنانەی بۆ کوشتنی ئامانجدار ئەنجام دەدرێن یان بە مەبەستی بەدیهێنانی دەسکەوتی سەربازی لەڕێگەی لێدان لە ئامانجە سەربازییەکان. کەواتە ڕەواییەتی کوشتنی ئامانجدار لە کاتی جەنگدا بەستراوەتەوە بە پابەندبوون بە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و لە ناویاندا بنەمای گونجان. ئەگەر بێتو کوشتنی ئامانجدار ببێتە هۆی پێکانی ئامانجە سەربازییەکان و لەهەمان کاتدا کەمترین زیان بەر کەس و شوێنی مەدەنی بکەوێت، ڕێگەپێدراوە بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی دیکە و لە چوارچێوەی پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی وەک مافی ژیان، مافی دادگایی کردن،... بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە کاتێک باس لە کوشتنی ئامانجدار لە جەنگی دژی تیرۆردا دەکەین، دەبێت پێناسەیەکمان لەو جەنگە لەڕووی کات و شوێن بەدەستەوە بێت، ئەگەر ئەو گریمانەیە کە تیرۆر لە هەموو کات و شوێنێکدا ئامانجی ڕەوای سەربازییە، گریمانەیەکی قەبووڵکراو بێت ئەوا یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی دەتوانێت هەموو ئەو ئاستەنگانە چارەسەر بکات کە لە چوارچێوەی کوشتنی ئامانجدار بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دێنە ئاراوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 125-143
المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**کۆتایی**

دوای کۆتایی هاتنی توێژینەوەکەمان لەژێر ناونیشانی "کوشتنی ئامانجدار لە ژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی‌دا" بە پێویستی دەزانین ئەم دەرەنجام و ڕاسپاردانە بخەینەروو.

**یەکەم: دەرەنجامەکان**

1. ئۆپەراسیۆنی کوشتنی ئامانجدار سەرپێچیە بۆ سەر بنەماکانی سەروەریی دەوڵەتان و سەربەخۆییەکەی و هیچ واتایەك بۆ سنوری جوگرافی نامێنێتەوە تێیدا، چونکە لە زۆرینەی ئۆپەراسیۆنەکاندا رەزامەندی دەوڵەت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە لە ناو هەرێمەکەی بەهەند وەرناگیرێت، کە ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پرەنسیپەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە.
2. لەگەڵ ئەوەی بنەمای نێودەوڵەتی تایبەت بە کوشتنی ئامانجدار بەشێوەی ڕاستەوخۆ بوونی نییە بەڵام ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجدار ملکەچن بۆ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆڤایەتی، بۆیە هەر سەرپێچییەک لەم بوارەدا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە و بە پێشێلی بنەماکانی ئەم یاسایە ئەژمار دەکرێت.
3. بنەمای گونجان بنچینەکەی واتای دروست کردنی هاوسەنگییە لە نێوان بەکارهێنانی هێزی سەربازی و ڕێزگرتن لە بنەما مرۆڤایەتیەکان، بەڵام ئەوەی لە ئۆپەراسێۆنەکانی کوشتنی ئامانجدار دا دەبینرێت تا رادەیەک ناکۆکە لەگەڵ مەبەستەکانی ئەم بنەمایە کە هەندێک جار لە دەرەنجامی ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجداردا خەڵکی مەدەنی و شوێنی مەدەنی زیانمەند دەبن. هەروەها بنەمای جیاکاری وەك بنەمایەکی گرنگ و بنچینەیی یاسای نێودەوڵەتی مرۆڤایەتی لە بەرچاوگرتن و ڕێزگرتنی ئەرکی لایەنەکانی شەرە چ لە جەنگی نێودەوڵەتی و چ لە جەنگە ناوخۆییەکان دا، لە ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجدار دا پێشێلکاری گەورەی ئەو بنەمایە دەبینرێت، و بوونی زۆری قوربانیانی مەدەنی لە ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانج دار کە ئەنجام دراون تا ئێستا باشترین بەڵگەیە.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

1- زۆر گرنگە ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی گشتگیر لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان تایبەت بە شێواز و مەرج و پێوەرەکانی پەنابردن بۆ کوشتنی ئامانجدار ببەسترێت، بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنان و پەنابردن بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنانە، کە تیایدا یان بە تەواوەتی قەدەغەی ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە بکات یاخود سنووردراری بکات بە شێوازێک لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا نەبێت پەنای بۆ نەبرێت و هەروەها بە ڕوونی بەرپرسیارێتی دەوڵەت دیاری بکرێت لە سەرپێچی کردنی بنەما و پێوەرەکانی پەیوەست بەم پرسە.
2- ئەرکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە هەوڵ بدات لە ڕێگەی ئۆرگانە تایبەتمەندەکانی بەدواداچوون بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی ئامانجدار بکات بەمەبەستی ڕێگری کردن لە بوونە قوربانی خەڵی سڤیل و سزادانی ئەو لایەنانەی کە پێشێلی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە گرنگە کە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی پەرەی پێ بدرێت و پێش بخرێت بە شێوازێک کە بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای نوێی سەربازیدا، بۆ ئەوەی هیچ گومانێک لە ملکەچ بوونی ئەم تەکنۆلۆژیا سەربازیانە بۆ یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی نەمێنێتەوە و دەوڵەتان دەست کراوە نەبن لە پەنابردن بۆ ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە، لەژێر بیانووی نەبوونی بنەمای نێودەوڵەتی تایبەت بەم پرسە.
3- بە هۆی ئەوەی ئەم پرسە پەیوەندی زۆری بە سەروەری دەوڵەتانەوە هەیە، کە لە زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکاندا سەروەری دەوڵەت پێشێل دەکرێت، عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە خاکەکەی چەندین جار بۆتە چەقی ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە، بۆیە گرنگە کە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتیحادی بە ئەرکی خۆیان هەڵسن و پەرچەکرداری پێویستیان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئۆپەراسیۆنانە بە ڕێگەچارە یاساییەکان.
4- پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی ئەو ڕێسا بنچینانەی کە تایبەتن بە پاراستنی خەڵکی مەدەنی، ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە تا گرەنتی پاراستنی خەڵکی سڤیل بکات لە شێواز و ئامرازەکانی نوێی جەنگ **و هەروەها** هەموو ئەو لایەنانەی کە پەنا بۆ ئۆپەراسیۆنی کوشتنی ئامانجدار دەبەن دەبێت هەوڵ بدەن ڕێز لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بگرن، و هێزی کوشندە بە پێی پێوست بەکاربهێنن لە دیاری کردنی ئامانجەکان بەجۆرێك کە خەڵکی سڤیل پارێزراوبن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: پەرتوکەکان**


١- المصري، د.زكريا (2006)، حقوق الإنسان، دار الكتب القانونية، مصر.


**دووەم: توێژینەوەکان**

**أ: بە زمانی عەرەبی**


١- أحلام، نواري (2011)، تراجع السيادة الوطنية في ظل التحولات الدولية، مجلة دفاتر السياسة والقانون، جامعة سعيدة، العدد الرابع، الجزائر.
٢- البصيصى، د. صلاح جبير (2014)، القتل المستهدف دراسة في ضوء القانون الدولي الإنساني، مجلة رسالة الحقوق، تصدر عن كلية القانون، جامعة كربلاء، السنة السادسة، العدد الأول.
٣- البقور، د.محمد خلف (2018)، دور المبدأ السيادة في الحد من ظاهرة القتل المستهدف في إطار القانون الدولي العام، مجلة الميزان للدراسات الاسلامية والقانونية، جامعة علوم الاسلامية العالمية،المجلد الخامس، العدد الثاني، عمان، اردن.
٤- بلخير، دراجي (2013)، المحاكمة العادلة بين المواثيق الدولية والإقليمية، مجلة العلوم القانونية والسياسية، تصدر عن جامعة الشهيد حمة لخضر-الوادي، عدد 7، الجزائر.
٥- جميل و الجنابي، حسن يونس و د. هديل صالح عبود (2020)، القتل المستهدف بالطائرات المسيرة في إطار القانون الدولي لحقوق الإنسان، مجلة العلوم القانونية، كلية القانون، جامعة بغداد، العدد الخاص بالتدريسيين و طلبة الدراسات العليا (1)، بغداد.
٦- خلف، د. حسام عبدالامير (2017)، القتل المستهدف باستخدام الروبوتات (الطائرات بدون طيار) في القانون الدولي، مجلة العلوم القانونية، تصدر عن كلية القانون، جامعة بغداد، مجلد 29، العدد 1، عراق.
٧- روفر، سيس دي (1998)، الخدمة والحماية حقوق والإنسان والقانون الإنساني دليل لقوات الشرطة والأمن، اللجنة الدولية لصليب الأحمر، جنيف.
٨- الرهايفة، د.سلامة صالح عبدالفتاح (2021)، استخدام الطائرات دون طيار في ضوء قواعد القانون الدولي، المجلة الأردنية في القانون والعلوم السياسية، مجلد 13، العدد 2، الاردن.
٩- العبيدي، سالم انور احمد (2014)، مدى مشروعية عمليات القتل المحدد الهدف بالطائرات المسيرة في إطار القانون الدولي الإنساني، مجلة علمية دورية محكمة، تصدر عن جامعة تكريت، السنة 6، العدد 22، عراق.
١٠- صفطلي و عجيل، د. مايا شوكت و زينة محمد محمود (2022)، مدى شرعية استخدام الطائرات بدون طيار وفقا للقانون الدولي الانساني والقانون الدولي لحقوق الانسان، مجلة جامعة تشرين، العلوم الاقتصادية و القانونية، المجلد 44، العدد 4، لاذقية، سوريا.
١١- الفتلاوي و شبيب، د. احمد عبيس نعمة و كاظم مطشر (2017)، آثار استخدام الأسلحة المفرطة الضرر على الحقوق المحمية بموجب القانون الدولي الإنساني والقانون الدولي لحقوق الإنسان، مجلة ابحاث ميسان، تصدر عن معهد المعلمين للدراسات العليا، العدد 13، عراق.
١٢- فريجة، محمد هشام (2014)، ضمانات الحق في محاكمة عادلة في المواثيق الدولية لحقوق الإنسان، مجلة المفكر، تصدر عن كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد خضير بسكرة، المجلد 9، العدد 1، الجزائر.
١٣- فولي، د.احمد حسن(ب.س)، الإطار القانوني الدولي لمكافحة الإرهاب باستخدام الطائرات بدون طيار، وزارة العدل، إدارة البحوث والدراسات، الإمارات العربية المتحدة.
١٤- المالكي، جعفر، د. هادي نعيم و د. محمود خليل (2015)، مدى مشروعية استخدام الطائرات من دون طيار في إطار القانون الدولي الإنساني، مجلة العلوم القانونية، تصدر عن الجامعة البغداد، مجلد 30، العدد 2، بغداد.


**ب: بە زمانی فارسی**


١- اجيلى و سجادى و كرمى، هادى و سيد محسن و منيره (١٣٩٨)، بررسى جايگاه پهپاد در حقوق بين الملل، فصلنامه مطالعات روابط بين الملل، سال دوازدهم، شماره ٤٥، دانشگاه آزاد اسلامى واحد تهران مركزى، تهران.
٢- اخوان فرد و ابراهيمى، مسعود و وحيد(1399)، قتل هدفمند در سنجه حقوق بر مخاصمه، حقوق در مخاصمه و حقوق بشر: مطالعه موردى شهداى فلسطين، فصلنامه گفتمان راهبردى فلسطين، شماره 3، ايران.
٣- امينه و ظريف، محمد آهنى و محمدجواد (١٣٩١)، قتل هدفمند مبانى متعارض در حقوق بين الملل (با تاكيد بر عمليات قتل هدفمند ايالات متحده آمريكا)، مجله پژوهشهاى حقوق تطبيقى، دوره ١٦، شماره ٤، تهران.
٤- بجاوى، محمد (١٣٧٤)، ترجمه به فارسى: محمدجواد ميرفخرايى، ساخت و پرداخت احكام در ديوان بين المللى دادگسترى، مجله حقوقى بين المللى، مركز امور حقوقى بين المللى رياست جمهورى، دوره ١٣، شماره ١٨ و ١٩، تهران.
٥- تبريزى، بهاءالدين عليارى (1398)، قتل هدفمند در آينه اصول و مبانى حقوق بين الملل، پژوهش نامه حقوق بشرى، پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى، پژوهشنامه حقوق بشرى، سال پنجم، شماره ٣، تهران.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7



Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٦- جيهانی و طباطبایی، فاطمه محسنی و سید احمد (١٣٩٨)، کاربرد سلاحهای خودمختار و اصول حقوق بشردوستانه، پژوهشنامه ایرانی سیاست بین‌الملل، دانشگاه فردوسی، سال ٧، شماره٢، مشهد، ایران.
٧- حاتمی، مهدی (١٣٩٧)، نقدی بر نظریه "قتلهای هدفمند دولت آمریکا" در پرتو رویه و اصول بنیادین حقوق بشردوستانه بین المللی، پژوهش نامه انتقادی متون و برنامه‌های علوم انسانی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، شماره پنجم، تهران.
٨- حبیبی، علی فقیه (١٣٩٦)، تحول مفهوم حاکمیت ملی دولتها در پرتو دکترین مسئولیت حمایت، فصلنامه پژوهشهای روابط بین الملل، دوره نخست، شماره ٢٥، ایران.
٩- حسینی و محمدی و مکرمی قرطاول، سید محمد و مهرداد و یاسر (١٣٩٨)، تاملی بر وضعیت حقوقی به‌کارگیری پهپاد علیه تروریسم، فصلنامه مطالعات حقوق عمومی، دوره ٤٩، شماره ١، تهران.
١٠- حسینی و یزدان‌نجات، یونس علاقه‌بند و رزا (١٣٩٣)، گسترش استفاده از هواپیماهای بدون سرنشین در آیینه حقوق توسل به زور و مخاصمات مسلحانه، مجله حقوق بین‌المللی، نشریه مرکز امور حقوقی بین‌المللی ریاست جمهوری، سال سی‌ام، شماره ٤٨، تهران، ایران.
١١- رضوی فرد و نوروزی، د. بهزاد و میثم، ١٣٩٦، نقش دیوان بین‌المللی دادگستری در توسعه و تحول حقوق بشردوستانه و حقوق بین‌الملل کیفری، مقاله ارائه شده در اولین همایش بین المللی و سومین همایش ملی پژوهشهای مدیریت و علوم انسانی، تهران.)
١٢- زمانی و طلعت، سیدقاسم و آرمین (١٣٩٩)، فرسایش حاکمیت ملی در حقوق بین‌الملل معاصر از حاکمیت اقتدارگرا به‌سوی حاکمیت مشروط، مجله حقوقی بین‌المللی، نشریه مرکز امور حقوقی بین‌المللی ریاست جمهوری، شماره ٦٢، تهران.
١٣- سرتیپی و بردبار و موسی‌زاده، حسن و احمدرضا و محمد (1391)، نقد و بررسی ترور هدفمند، مبارزه با تروریسم و حقوق مخاصمات مسلحانه بین المللی، فصلنامه پژوهش حقوق عمومی، شماره 38، تهران.
١٤- طلائی و زرنگار، فرهاد و احسان (١٣٩٦)، پویایی قواعد حقوق بین الملل و امکان سنجی استفاده از هواپیماهای بدون سرنشین، فصلنامه مجلس و راهبرد، سال ٢٤، شماره ٩١، تهران.
١٥- لسانی و منفرد، حسام الدین و مهوش (1396)، تأملی بر مشروعیت سیاست کشتار هدفمند از منظر حقوق بین الملل بشردوستانه، مجله مطالعات حقوقی دانشگاه شیراز، شماره دوم، شیراز، ایران.
١٦- مجد و سواری و فاخری، نبی‌الله و حسن و نریمان (١٤٠٠)، قواعد حقوقی حاکم بر پرواز هواپیماهای بدون سرنشین در نبردهای هوایی از منظر حقوق بین الملل، فصلنامه مطالعات حقوق عمومی، دوره ٥١، شماره٣، تهران.
١٧- محمدرضائی و مرادی و عسگرخانی، علیرضا و مریم و ابومحمد (١٣٩٩)، رویکرد حقوق بشر و حقوق بشردوستانه برای حمایت از غیرنظامیان در مخاصمات مسلحانه بین المللی و تبیین جامعه‌شناختی آن، فصلنامه جامعه‌شناسی سیاسی ایران، انجمن جامعه‌شناسی سیاسی ایران، سال سوم، شماره اول، تهران.
١٨- محمدی، عقیل (١٤٠٠)، استفاده آمریکا از هواپیماهای بدون سرنشین در جنگ با تروریسم از منظر حقوق بر جنگ و حقوق در جنگ، فصلنامه سازمانهای بین المللی، پژوهشکده تحقیقات راهبردی، سال چهارم، شماره ٢، شیراز، ایران.
١٩- ملکی و رئیسی و ابراهیمی، د. محمدرضا و د. لیلا و فرزاد محمدزاده (١٣٩٢)، کاربرد هواپیماهای بدون سرنشین: تحولی نوین در عرصه جنگهای مدرن و پیامدهای حقوقی آن، فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، سال نهم، شماره ٢٣، اصفهان، ایران.

**سێهەم: نامە زانكۆییەكان**

١- الجبوري، حسن يونس جميل (٢٠٢٠)، القتل المستهدف بالطائرات من دون طيار وأثره في المسؤولية الدولية، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية القانون-الجامعة المستنصرية، عراق.
٢- خدر، ئارەزوو أحمد (٢٠١٣)، المسؤولية الدولية عن انتهاك الحدود الدولية –حدود العراق إنموذجا- رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية القانون، جامعه دهوك، دهوك،عراق.
٣- سعيد، درويش(2020)، الطائرات العسكرية من دون طيار من منظور القانون الدولي المعاصر، أطروحة دكتورا مقدمة الى كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة مولود معمري – تيزي وزو، الجزائر.
٤- سليم، بوشعيب (2017)، مبدأ التناسب في القانون الدولي، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد الصديق بن يحي جيجل، جزائر.
٥- عبدالرحيم و لمين، العيرش و بن حامة (2016)، التدخل العسكري في الدول تحت غطاء مكافحة الإرهاب في منظور القانون الدولي، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة عبدالرحمان ميرة-بجاية، جزائر.
٦- قطيط، السعيد (2019)، مبدأ التناسب في القانون الدولي الإنساني، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة العربي بن مهيدي-أم البواقي-، جزائر.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**چوارەم: پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان**

١ – ميثاق الامم المتحدة ١٩٤٥.
٢- اتفاقيات جنيف ١٩٤٩.
٣- الاتفاقية الأوروبية لحقوق الإنسان والحريات الأساسية١٩٥٠.
٤- العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية 1966.
٥- اتفاقية فينا لقانون المعاهدات لعام 1969.
٦- البروتوكول الإضافي الأول إلى اتفاقيات جنيف ١٩٧٧.
٧- الميثاق الأفريقي لحقوق الإنسان و الشعوب 1981.

**پێنجەم: ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان**

١- مبادىء أساسية بشأن استخدام القوة الأسلحة النارية من جانب الموظفين المكلفين بإنفاذ القوانين(1990)، مؤتمر الامم المتحدة الثامن لمنع الجريمة ومعاملة الجناة، هافانا، كوبا.
٢- الجمعية العامة، مجلس حقوق الإنسان، التقرير السنوي لمفوض الأمم المتحدة السامي لحقوق الإنسان بشأن استخدام الطائرات الموجهة عن بعد أو الطائرات المسلحة بلا طيار، المعقودة في 22 أيلول/سبتمبر 2014، خلال الدورة السابعة والعشرين، البند 44، الوثيقة A/HRC/28/15،38 December2014.

**شەشەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان**

١- ابراهيمى، محمد(١٣٩٣)، اصل تمايز يا تفكيک، http://pajoohe.ir
٢- تقرير هيومن رايتس ووتش، ٢٠١٣، بين الطائرة بدون طيار والقاعدة "المدنيون يدفعون ثمن عمليات القتل المستهدف الأمريكية في اليمن"، المتاح على الموقع الألكتروني التالي: https://www.hrw.org/ar/report، تأريخ الزيارة 15-9-2021.

**ڕۆژنامەکان**

١- بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان،(2018)، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، ژمارە 734، ڕێکەوتی 22ی سێپتەمبەری 2018.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)